# ((چەمکی دادپەروەری لە ئیسلامدا- بە جەختکردنەوە لە بۆچوونەکانی ئیبن خەلدون))
# (مفهوم العدالة عند الإسلام: إبن خلدون أنموذجاً)

**محمد حسين سعيد**[1]
[1] بەشی زانستەڕامیارییەکان، کۆلێجی زانستەڕامیارییەکان، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: mohammed.qader@univsul.edu.iq

## پوختە

یەکێک لە بابەت و پرسە گرنگەکانی کۆمەڵگەی مرۆیی بەدرێژایی مێژوو هەتا ئێستا، پرس و بابەتی هێنانەدی ئەو شێواز و جۆرە خوازراوەی کۆمەڵگەیە، کە بتوانێت لانی زۆری دادپەروەری تێیدا بەرجەستە ببێت. سروشت و گرنگی ئەم بابەتە هۆکار بووە بۆ خستنەڕووی بۆچوون و دیدگای جیاواز لەمەڕ چییەتی و گرنگی دادپەروەری. ئاینی پیرۆزی ئیسلام وەک ئاینێکی ئاسمانی، هەمیشە لەسۆنگەی گرنگیدان بە مرۆڤ و دابینکردنی ژیانێکی شایستەی دور لە ستەم، پرسی دادپەروەری ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە تێیدا، ئەمەش وەک ئەو پردەی، کە بەهۆیەوە مرۆڤەکان دەگەنە بەختەوەری هەردوو دنیا. ئیبن خەلدون وەک یەکێک لە زانا و بیرمەندە موسوڵمانەکان، بە جەختکردنە سەر دیدی ئیسلام لەهەمبەر پرس و بابەتی دادپەروەری، دەیەوێت بە بەرگ و ناوەڕۆکێکی سیاسییەوە ڕێگا و شێوازی دادپەروەربوونی کۆمەڵگە بخاتەڕوو.لەم توێژینەوەدا لەڕێگەی بەکارهێنانی میتۆدەکانی وەصفی و شیکارییەوە، هەوڵدەدرێت گرنگی و سروشتی دادپەروەری لە ڕوانگە و دیدی ئیسلام و ئیبن خەلدوندا بخرێتەبەر باس و شیکردنەوە.

**کلیلە وشەکان:** ئیسلام، دادپەروەری، ئیبن خەلدون، مرۆڤ، کۆمەڵگە.

## الملخص

يعتبر مسألة تحقيق والوصول إلى أحسن طريقة ونوع مرغوب والمتفق عليه لأحسن نوذج للحياة الاجتماعية، أحد أهم المواضيع الذي شغلت المجتمع الإنساني على مرّ التاريخ. منذ القدم، ووصولاً اعصرنا الحالي، والغرض الإساسي من هذا الهدف هو تحقيق أكبر قدر من العدالة الاجتماعية الضرورية للمجتمع بشكل عام. ومن هذا يأتي أهمية هذا الموضوع أحد أسباب دراستنا والمتمثلة في توضيح الرؤى والوجهات النظر المختلفة حول ماهية وأهمية العدالة، كأحد الأُسس الجوهرية التي تقوم عليها المجتمعات البشرية.

إن الديانة الإسلامية، كأحد الأديان السماوية، والمنطلقة من الاهتمام للقيمة الإنسانية وتأمين أفضل أنواع الحياة للبشر جمعاء، ونبذه للظلم تكون للعدالة حضور مستمر فيها، باعتبار أنه يشكل الجسر التي يربط من خلاله بين حياة الأفراد وسعادته ورفاهيته؛ ليس في الدنيا فقط، وإنما في الآخرة ايضاً. وعليه يركز دراستنا على أحد النماذج الفكرية لأحد أهم مفكري الدين الإسلامي، وهو(إبن خلدون) باعتباره هو من أحد أهم العلماء المسلمين الذين أعطوا اهتماماً بارزاً لمسألة العدالة وأكد على هذه القيمة من خلال اعطاء نهج ومضمون سياسي للعدالة، محاولاً توضيح كيفية تطبيقها في الحياة الواقعي.

في هذه الدراسة اعتمدنا على مناهج عدة، ومن أهمها منهج وصفي تحليلي، وذلك كمحاولة لإيضاح وتسليط الضوء على أهمية وطبيعة العدالة من وجهة ظر الديانة الإسلامية بشكل عام، وعند إبن خلدون، بشكل خاص.

**كلمات مفتاحية:** الإسلام، العدالة، إبن خلدون.، الإنسان ، المجتمع.


| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە: | گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10470 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/١١/٢٠ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/١/١٥ \| ڕێککەوتی بلاوکردنەوە: ٢٠٢٣/٦/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | mohammed.qader@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بلاو کردنەوە | ©٢٠٢٣محمد حسين سعيد، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**Summary**

One of the important subjects of civil community throughout history up to now, is the subject of achieving that tendency of society in which justice can be mainly attained. The nature and importance of this subject has been a reason for illustrating different views on the importance of justice.

Islamic Religion as a divine religion has always given importance to humans and provided a worthy life away from oppression. Justice matter has a big role in it like a bridge which connects people to the happiness of both lives. Ibn Khaldun as a knowledgeable and Islamic scholar wants to offer justice in the society with a political cover and content. In this study, the analytical and descriptive methodology has been used to discuss the importance of justice in the view of Islam and Ibn Khaldun

**Keywords:** Islam, Justice, Ibn Khaldun, Human, Societ.

## پێشەکی:

یەکێک لە بونیادیترین چەمکەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان بەگشتی و زانستی سیاسەت بە تایبەت بریتیە لە چەمکی دادپەرورەی. گرنگی دادپەروەری و ڕۆڵی بەرجەستە و دیاریکەری لە کۆمەڵگەدا شایەنی هەڵوێست و گرنگیپێدانی زانستییە، لەڕاستیدا دەکرێت دادپەروەری وەک سەنتەر و گەوهەری سیستمی هزریی بیرمەندانی سیاسی هەژماربکرێت. دادپەروەری وەک سیفەتێک هەم لای خودا و هەم لای مرۆڤ خوازراوە و گرنگیدان بە سروشت و چییەتی و کارکردنی هەمیشە جێگەی سەرنجی دین و قوتابخانە هزری و فەلسەفییەکان و بیرمەندان بووە.

لەگەڵ ئەوەی باسکردن لە دادپەرورەی زۆرجار پەیوەستە بە خستنەڕووی جۆر و شێوازەکانییەوە و ئیسلامیش وەک کۆتا ئاینی ئاسمانی، لە چەندین ڕووەوە دادپەروەری پێناسە و ڕووندەکاتەوە، بەڵام لەپێناو جەختکردن و وردبوونەوە لە چییەتی و سروشتی دادپەروەری لە ئیسلام و بیری ئیبن خەلدوندا، خستنەڕووی جۆر و شێوازەکانی دادپەرورەی لەدەرەوەی باس و بابەتی توێژینەوەی بەردەست دەبێت و تەنها چوارچێوەی گشتی دادپەرورەی گرنگی پێدەدرێت. لەڕاستیدا بەسەرنجدان لەو بەها و پێگەیەی، کە ئیسلام بۆ مرۆڤەکان لەبەرچاوی دەگرێت، دید و ڕوانگەشی دەربارەی دادپەرورەی درێژەپێدەری هەمان بەها و سروشتی مرۆڤە. لەبەرئەمەشە جەخت و بایەخی ئیسلام بۆ دادپەرورەی خۆی دەبینێتەوە لە پێدانی ماف بە خاوەن مافی ڕاستەقینە، بەواتایەکی دی، گونجاندنی توانا و شایستەیی لەگەڵ ماف و ئەرکدا، ئەمەش خاڵی جیاکەرەوەیەتی لەگەڵ دیدگا مارکسیستی و لیبرالیستەکان.

لەم چوارچێوەیەشدا، ئەبوزەید عەبدولرەحمانی کوڕی محەمەد ناسراو بە ئیبن خەلدون (١٣٣٢-١٤٠٦/ تونس). وەک یەکێک لە بیرمەندە موسوڵمانەکان، کە بە خاوەنی نوێگەری لەبواری هزر دادەنرێت، لەڕێگەی دامەزاندنی زانستی ئاوەدانی و شارستانییەوە دەیەوێت ڕەهەند و چییەتی دادپەرورەی ڕوونبکاتەوە. لەم نێوەندەشدا سەرەتا بەناسینی مرۆڤ و کۆمەڵگە دەستپێدەکات و پاشان لەسەرئەوبنەمایە دیدی خۆی سەبارەت بە دادپەروەری دەخاتەڕوو، کە میانەڕەوی و هاوسەنگی، هاوکاری و یەکدی تەواوکردن، دابینکردنی بەرژوەندی گشتی کۆمەڵگە، تایبەتمەندی و سیمای گشتی بۆچوونەکانی ناوبراو دەربارەی دادپەروەری پێکدەهێنن.

## بایەخی توێژینەوە:

دەکرێت توێژینەوەی بەردەست لە چەند ڕوویەکەوە، گرنگی و بایەخی هەبێت:

-دادپەروەری وەک بەها و ئامانج و دواتر ئامرزایێک لەپێناو بەختەوەری، هەمیشە یەکێک بووە لە خواست و ویستی مرۆڤ و کۆمەڵگەکان، بۆیە لەپێناو زانین و ئاشنابوونی زیاتر بەم پرسە، لەرێگەی ئەم توێژینەوەیەوە دەمانەوێت دیدی ئیسلام و ئیبن خەلدون سەبارەت بەم پرسە ڕوونبکەینەوە.

-ووردبوونەوە لەو دید و تێڕوانینە فرەڕەهەندەی، کە ئیسلام سەبارەت بە سروشت و پەیامەکانی دادپەروەری دەیخەنەڕوو. هەروەها تێگەیشتن و ئاشنابوون بە دیدی ئیبن خەلدون سەبارەت بە دادپەروەری.

-دەکرێت کەمی و سنورداری ئەو سەرچاوانەی بە زمانی کوردی لەمەڕ دادپەروەری بڵاوکراونەتەوە، هۆکار بێت لە دەرکەوتنی بایەخی ئەم جۆرە کارە زانستییانە.

## کێشەی توێژینەوە:

هەڵوێستە لەسەر سروشت و گرنگی دادپەروەری وەک بابەتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، پێویست بە وەڵامدانەوەی کۆمەڵێک پرسیاری سەرەکی دەکات:

-چییەتی و گرنگییەکانی دادپەروەری لە ڕوانگەی ئیسلام و ئیبن خەلدوندا چیین؟

-ئامانج و شێوازی گەیشتن بە دادپەروەری لە ئیسلام و دیدی ئیبن خەلدوندا چییە؟

-سروشت و پێداویستییەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگە چیین؟ و چۆن دەکرێت لەرێگەی گونجاندنی ئەم سروشت و پێداویستیانەوە لەگەڵ دادپەرورەی، دادپەرورەی ببێتە ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان؟

## گریمانەی توێژینەوە:

دادپەروەری لە ڕوانگەی ئیسلام و ئیبن خەلدوندا گرێدراوە لەگەڵ شایستەیی و هاوسەنگیدا، بەمپێیە (خاوەنداربوونی ماف لەلایەن خاوەن مافی ڕاستەقینە- شایستەیی و توانا) وەک چییەتی دادپەروەری ،( دروستببونی کۆمەڵگەی بەختەوەر) وەک ئامانج و پەیامی دادپەرورەی، هاوکات تەواوکاری ڕوانگەی ئیسلام و ئیبن خەلدون سەبارەت بەم پرسە، گریمانەی توێژینەوەکەمان پێکدەهێنێت.

میتۆدی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا بەمەبەستی ناسین و ئاشنابوون بە چەمکە سەرەکییەکان، سوودمان لە میتۆدی وەصفی وەرگرتووە، هاوکات لەپێناو شیکردنەوەی هەمان ئەو چەمکانە و گرێدانەوەی بە پرس و بابەتی سەرەکی توێژینەوەکە، سوودمان لە میتۆدی شیکاریی وەرگرتووە.

## پەیکەربەندی توێژینەوە:

توێژینەوەی بەردەست پێشەکی و دوو باس و ئەنجامێک لەخۆدەگرێت. باسی یەکەم لە سێ تەوەرە پێکدێت، تەوەرەی یەکەم بریتییە لە مرۆڤناسی وەک سەرەتایەک بۆ دادپەروەری لە ئیسلامدا ، تەوەرەی دووەم باسکردنە لە دادپەرورەی لە دیدی بیرمەندان، تەوەرەی سێیەم بریتییە لە ئیسلام و دادپەرورەی. باسی دووەم لە سێ تەوەرە پێکدێت، تەوەرەی یەکەم باسکردنە عەصەبیەت و ئاوەدانی وەک ڕیشەی جۆرناسی کۆمەڵگە، دەوڵەت، مرۆڤ و دادپەروەری. تەوەرەی دووەم بریتییە لە واقیعگەرایی مرۆڤناسی ئیبن خەلدون، تەوەرەی سێیەمیش باسکردنە لە دیدی ئیبن خەلدون سەبارەت بە سروشت و چییەتی دادپەروەری.

## باسی یەکەم: سروشت و گرنگی دادپەورەری لە ئیسلامدا:

دادپەروەری وەک بەها و ئامانج و دواتر ئامرزاێک بۆ گەیشتن بە بەختەوەری، خاوەن پێگە و گرنگیپێدانێکی بەرچاوە لە ئیسلامدا. سەرچاوەی ئەم گرنگیپێدانەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕوانگەی ئیسلام سەبارەت بە مرۆڤ، واتا دادپەروەری لەگەڵ ئەوەی ئامانجە، بەڵام ئەرک و سروشتە سەرەکییەکەی و گەیاندنی مرۆڤە بە بەختەوەری. بۆیە لەپێناو ڕوونکردنەوەی زیاتری سروشت و گرنگی دادپەروەری، گرنگە سەرەتا ڕوانگەی ئیسلام سەبارەت بە مرۆڤ ، هەروەها دیدگا جیاوازەکان سەبارەت بەم پرسە بخرێتەڕوو.

### تەوەرەی یەکەم: مرۆڤناسی وەک سەرەتایەک بۆ دادپەروەری لە ئیسلامدا:

مرۆڤناسی بە یەکێک لە بونیادە گرنگەکانی تیۆرییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێت، تیۆرییەکان ناتوانن لێکدانەوە بۆ مرۆڤ و پێداویستی و ئامانجەکانی بکەن بەبێ تێگەیشتن لە چییەتی مرۆڤ. هاوکات نابێت بوون و سروشتی مرۆڤ هاوشێوەی دادپەروەری، ئازادی، یەکسانی بە تەنها وەک بابەتێکی گرنگ لە سیاسەت و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە سەیربکرێت، بەڵکو بۆچوون و لێکدانەوەکان دەربارەی مرۆڤ، ژینگەیەکە تێگەیشتن لە ژیان و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و مامەڵەی نێوان تاکەکانی تێدا دروست دەبێت. تێگەیشتن لە سروشتی مرۆڤ ئەوە دیاری دەکات، کە ئامانج لە مامەڵەکردن لەگەڵ مرۆڤدا پێویستە چ ناوەڕۆک و فۆرمێکی هەبێت. لەسەر ئەو بنەمایەش، هیچ تیۆرییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و لەنێویشیاندا هیچ تیۆرییەک دەربارەی دادپەروەری، ناتوانێت بەبێ خستنەڕووی لێکدانەوەیەکی تایبەت لە پێداویستی و کەماڵ و ئامانجەکانی مرۆڤ بێتەدی، لە ئەنجامدا، خستنەڕووی تیۆریی دەربارەی دادپەروەری بەبێ لێکدانەوەی تایبەت لە مرۆڤ، ناتوانێت بێتەدی. ئەگەر دادپەروەری بە بەخشینی ماف بە خاوەن مافی ڕاستەقینە پیناسە بکەین، ئەوا پێویستە مرۆڤ و مافەکانیشی بناسین(محمد و محمد رضا، ١٣٩٦، لا ٦٤-٦٧).

کاتێک ئاماژە بە سروشتی مرۆڤ دەکرێت، مەبەست لێی تایبەتمەندییە بنەڕەتی و نەگۆڕەکانی تەواوی مرۆڤەکانە. ئەم چەمکە جەخت دەکاتە سەر هەموو ئەو شتانەی لە ژیانی مرۆڤدا سروشتییە، خاڵی بەرامبەری ئەم بۆچوونەش بریتیە لە ئەو شتانەی، کە مرۆڤ لەڕێگەی فێربون یاخود ئەزموونی کۆمەڵایەتییەوە بەدەستی دەهێنێت(هیود،١٣٩٥، لا ٢٥). سەرباری ئەوەی لەڕوانگەی جیهانبینی ئیسلامییەوە، مرۆڤ سەروەری بوونەوەر و جێنشینی خوای گەورە و ئاوەدانکردنەوەی زەوی و دروستکردنی شارستانێتی لە ئەستۆدایە. کائینی ڕێزلێگیراوی خوای گەورەیە و (بالقوە) پێداویستییەکانی ژیانێکی سەربەرزانە و ئابرومەندانەی لە زەویدا بۆ فەراهەم کردووە، ژیانێک شایستەی گەورەیی مرۆڤ بێت و دەرگا بە ڕووی گەشەکردنی وزە و تواناکانیدا بکاتەوە. قورئان بەرامبەر کەرامەتی مرۆڤ بە سیفەتی مرۆڤ و بەدەر لە شوناسی ئایینی و نەتەوەیی و نەژادی و گروپی و پێگەی کۆمەڵایەتی، دەفەرموێت: (ولقد كرمنا بنى ادم... الإسراء ٧٠) (ئەبوبەکر، ٢٠٠٨، لا ٢٩-٣٠). سەرباری ئەوەش، مرۆڤ لەپێناو ململانێ لەگەڵ خۆیدا نەهاتووەتە بوون، بەڵکو لەپێناو جوڵە بەرەو کەماڵ، لەژیانێکی هاوسەنگ و لە کۆمەڵگەی مرۆییدا. ئەم جوڵەیەش نایەتەدی بەبێ بوونی دادپەروەری. لەسەر ئەو بنەمایەش، سەرەتا پێویستە مرۆڤ بناسێنرێت، واتە ناساندنی مرۆڤ بە خودی خۆی، ناساندنی پێداویستییە جۆراوجۆرەکانییەتی لە هەمووکات و سەردەمێکی تەمەنیدا. تەواوترین ناساندنی مرۆڤیش، ئەو ناساندنەیە، کە قورئان دەیکات. ناساندن لەزۆربەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و لەو فەرموودانەشی کە تەفسیر کراون، خاڵی گەیشتن بە کەماڵ لە تەقوادا دادەنرێت و ڕێگەی گەیشتن بە تەقواش بریتیە لە دادپەروەری (اعدلوا هو اقرب للتقوى- المائدة ٨ (محمد رضا، لا ٣٤٩).

گرنگترین پرسیاری ئێمە خۆی دەبینێتەوە لەوەی مرۆڤ چ جۆرە بوونەوەرێکە، ئەگەر مرۆڤ بوونەوەرێکی تاک ڕەهەندە و تەنها ڕەهەندە مادديەکەی لێکبدرێتەوە، کەماڵ و تەواوێتیەک، کە بۆی لەبەرچاو دەگیرێت سنوردار دەبێت بەهەمان ڕەهەندی ماددی، بەڵام ئەگەر ڕەهەندەکانی دی لەبەرچاوبگیرێت، دەتوانرێت لە کەماڵ و مافەکانی پەیوەست بەم ڕەهەندانەوە قسەبکرێت و لە دیاریکردنی بنەماکانی دادپەروەری لە کۆمەڵگەدا گرنگیان پێبدرێت(محمد و محمد رضا، ١٣٩٦، لا ٧١). لەڕاستیدا دەکرێت بووترێت مرۆڤ لە دو دژ دروستبووە،


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

یەکێک خاک (ڕەهەندی ماددی) و ئەوی دی ڕوح (ڕەهەندی مەعنەوی). بەم پێیەش، گرنگی مرۆڤ لەوەدایە، کە بوونەوەرێکی دوو ڕەهەندییە(علی ، لا ٩). بەسەرنجدان لە ئیسلام و ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز وەک گرنگترین دەق دینی، ئاماژە بە دوو ڕەهەندیی لە هەبوون و سروشتی مرۆڤدا دەکات، لەم پێناوەشدا دەکرێت ئاماژە بە ئایەتی دوانزە تا شانزەی سورەتی پیرۆزی المؤمنون بکرێت: (وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنْسَانَ مِنْ سُلَالَةٍ مِنْ طِينٍ (١٢) ثُمَّ جَعَلْنَاهُ نُطْفَةً فِي قَرَارٍ مَكِينٍ (١٣) ثُمَّ خَلَقْنَا النُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا الْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا الْمُضْغَةَ عِظَامًا فَكَسَوْنَا الْعِظَامَ لَحْمًا ثُمَّ أَنْشَأْنَاهُ خَلْقًا آخَرَ فَتَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ (١٤) ثُمَّ إِنَّكُمْ بَعْدَ ذَلِكَ لَمَيِّتُونَ (١٥) ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ تُبْعَثُونَ)، ئەوەی لەمبارەیەوە دەتوانرێت بووترێت و هەندێک لە تەفسیرەکانیش جەختی لێدەکەنەوە ئەوەیە، کە مەبەست لە (أَنْشَأْنَاهُ خَلْقًا آخَرَ) دروستبوونی ڕۆحە لە مرۆڤدا، لە ئەنجامیشدا سیستمی بوونی مرۆڤ لە بەشێکی ماددی و جەستەیی پێکهاتووە، کە لە (گڵ) یاخود خاک دروستکراوە و ئایەتەکانی ١٢-١٤ تا پێش (أَنْشَأْنَاهُ خَلْقًا آخَرَ) ئاماژەیە بەم بابەتە، بەڵام بەردەوامیی ئایەتی ١٤ هەواڵ لە دروستبوونی بونیادێکی نامادەدی دەدات لە بوونی مرۆڤدا، کە هەمان ڕەهەندی ڕۆحە تییدا(محمد و محمد رضا، ١٣٩٦، لا ٧١-٧٤).

بەم پێیە، دیدی ئیسلام سەبارەت بە مرۆڤ، دیدێکی فراوان و یەکانگیرە لەگەڵ پێداویستییە فرەڕەهەندەکانی مرۆڤ و ئامڕازەکانی فەراهەمکردنی ئەم پێداویستییانەش گرنگییەکی زۆریان هەیە، بێگومان یەکێک لە هەرە گرنگترین ئامڕازەکانیش بریتیە لە دادپەروەری و دادپەروەربوون.

## تەوەرەی دووەم: دادپەروەری لە دیدگای بیرمەنداندا:

هەوڵدان بۆ خستنەڕووی پێناسەیەکی تەواومانا بۆ دادپەرورەی دژوار و سەختە، چونکە چەمکی دادپەرورەی بە درێژایی مێژوو، چەمکێکی ناڕوون و ئاڵۆز بووە، تەنانەت ئەم جیاوازییە لەنێو بیرمەندانی موسڵمانیشدا هەبووە ، بەڵام ئەم دژواری و جیاوازییە نەبووەتە هۆکار تا قوتابخانە دینی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لەم بارەوە بۆچوونی خۆیان نەخەنەڕوو، خستنەڕووی بۆچوونە جیاوازەکان لەمەڕ دادەرورەی، لەو ڕووە گرنگ و شایەنی هەڵوێستەکردنە، کە هەلی ئەوەمان پێدەدات تا بەووردبوونەوە لەم بۆچوونانە بتوانین ڕونتر لە دید و ڕوانگەی ئیسلام سەبارەت بە دادپەروەری تێبگەین.

لەڕاستیدا ، پەیدابوونی هزری ڕۆژئاوا لە سەردەمی ئەفسانەوە بۆ هزری نوێ و هاوچەرخ، تیۆریا و توێژینەوەی لەم بوارەدا خستووەتەڕوو(سید مهدی و مهدی، ١٣٩٢، لا ٦٦-٦٧). دیدی ئەفلاتون سەبارەت بە دادپەروەری بریتیە لەوەی هەر کەس کاری خۆی ئەنجام بدات و دەستوەردان لە کاری ئەوانی دیکە نەکات، شاریش کاتێک هاوسەنگ و دادپەروەرانە دەبێت کە پیشەوەر و سەرباز و فەرمانڕەوا خەریکی کاری خۆیان بن و لە کاری چینەکانی دیکەدا دەستوەردان نەکەن(راسل،١٣٩٥، لا ١٧٥). واتا بەو جۆرەی، کە مرۆڤ خاوەنی سێ هێزە (دانایی، دلێری، حەز و ئارەزوو)، کۆمەڵگەش پێویستی بە مانەوە، بەرگری، ڕابەرایەتیکردنە، بەم پییەش دادپەروەری لە هزری ئەفلاتووندا ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندی نەفسی مرۆڤە لە کۆمەڵگەدا(احمد و سارا، ١٣٨٦، لا ١٠٢) .هاوتا لەگەڵ ئەم پێناسەیەی ئەفلاتون بۆ دادپەروەری، دامەزراوە و بۆچوونە ئەخلاقییەکان، نیشاندەری بوونی بونیادی هەبوونن، خێر و شەڕ و چەمکە پەیوەندیدارەکانی وەک دادپەروەری و زوڵم ڕیشەیان لە بووندایە و شایەنی گرێبەست و گۆڕان نین(سید مهدی و مهدی، ١٣٩٢، لا ٦٧). بیری ئەرستۆ سەبارەت بە دادپەروەری لەجیاتی ئەوەی وەک ئەفلاتوون پێناسەیەکی گشتی بۆ دادپەروەری بکات، هەوڵ دەدات جۆرەکانی بژمێرێت، ئەو دادپەروەری بە خاوەنی هەشت جۆر دەزانێت، کە بریتین لە گشتی و تایبەت، تەوزیعی و چاکساز، ڕەها و ڕێژەیی (یان سیاسی)، سروشتی و یاسای، ئەم هەشت جۆرە بەتەواوی لێک جیا نین و بەڵکو هەندێک جار لەگەڵ یەکتریدا تێکەڵ دەبن و لەناو یەکتریدا جێیان دەبێتەوە(حەمید، ٢٠١٠، لا ١٢٢). لە هزری سیاسی ئەرستۆدا دادپەروەری بە مانا گشتییەکەی، واتە ڕەفتاری فەزیلەت ئامێز بەرامبەر بە تاک و ئەم ڕەفتارەش پێویستە یاسای دەوڵەت-شار دیاری بکات. لە حکومەتی خوازراوی ئەرستۆدا، ئەم یاسایە بۆ ئەوە دانراوە، کە خێری باڵا، واتە بەختەوەری دەوڵەت- شار لەلایەن ئەو حەکیمانەی، کە خاوەنی فەزیەلتی حیکمەتی کردارین، دابین بکات(محمد، ١٣٩٧، لا ٤٠). ئۆگەستین دادپەروەری

دەبەستێتەوە بە مەسیحیەت و کۆمەڵگە و دەوڵەتی مەسیحی، بەبۆچوونی ئەو، ڕاستە لە دەوڵەتدا پارێزگاری لە دادپەروەری دەکرێت، بەڵام کۆمەڵگەیەک، کە هاووڵاتییەکانی پەرستشی خودا نەکەن دادپەوروەری بوونی نییە و لەنێو ئەم جۆرە کۆمەڵگەیانەشدا تەنها لە دەوڵەتە مەسیحییەکاندا بوونی هەیە(عبدالرحمن، ١٣٨٤، لا٢٢٧). بەڵام بەو پێیەی ئۆگەستین باوەڕی بە بوونی دوو شار (شاری زەمینی و شاری ئاسمانی یاخود شاری مرۆیی و شاری خودا) هەبوو، و لەهەمانکاتیشدا شاری خودا شاری خوازراوی ئەو بوو، کە تێیدا هەموو شتێک بەوجۆرەی کە شایستەیە بوونیان هەیە، هاتنەدی دادپەروەری ڕەهای دەبەستەوە بە شاری خوداوە. لەڕاستیدا تەفسیری ئۆگەستین بۆ دادپەروەری تەفسیرێکی تیۆلۆژی بوو، لەدید ئەودا دادپەرورەی عیشقە بۆ خێری باڵا یان خودا، خوداش هاوتای یاسای دادپەروەری بە هەر کەس بەئەندازەی شایستەیی پلەی ڕێز و گەورەیی پێدەبەخشێت، بۆیە دارایی ماددی بەراورد بە خێری هەمیشەیی بە بێ بەها دادەنێت(احمد و سارا،١٣٨٦، لا ٣٠٤).

فارابی وەک یەکێک لە بیرمەندە موسوڵمانەکان بە گەڕانەوە بۆ هێزەکانی نەفس لە مرۆڤدا، دادپەروەری لە شاری فازیلەدا دەبەستێتەوە بەوەی هەروەک چۆن مرۆڤەکان لە تواناو شارەزاییدا جیاوازن، بەهەمان شێوە پێویستە بەڕێوەبردنی کار و دابەشکردنی کار لەسەر بنەمای ئەو جیاوازییانە بێت(محسن،١٣٩٩،لا ١٨٥).

لە فەرهەنگی مارکسیزمدا دادپەروەری لە یەکسانی ماددی و ئابووریدا چڕدەکرێتەوە و سیستمی سەرمایەداری بە هۆکاری سەرەکی لە نەهاتنەدی دادپەروەری دەزانێت. لەسەر بنەمای ماتریالیزمی مێژوویی کۆمەڵگە بە پێنج قۆناغی بەرهەم هێناندا تێپەڕێت، کە بریتین لە: کۆمۆنەی سەرەتایی، کۆیلایەتی، دەرەبەگایەتی، سەرمایەداری، سۆسیالیستی. لەوکاتەوەی سیستمی مۆڵکایەتی هاوبەشی زەویوزار نەما، میملانێی چینایەتی لەنێوان چینێکی ستەمکار و چینێکی چەوساوە هاتووەتە ئارا. سیستمی سەرمایەداری هەڵگری ململانێی نێوان سەرمایەداری و پرۆلیتاریابوو(موسا، ٢٠٠٧، لا٣٠٤-٣٠٦). لەخۆنامۆبوون وەک یەکێک لە پەیامەکانی خاوەندارێتی تایبەت لەم سیستەمەدا، چەوساندنەوە و بوون بە کاڵای کرێکاری هێناوەتەئارا و ئەمەش واتا تێکچوونی ژیانی کۆمەڵایەتییان.(کولاکوفسکی،١٣٨٩، لا ١٦٨-١٦٩). مارکس لەپێناو ڕزگاربوون لەم دۆخە و بەدیهاتنی دادپەروەری نەخشەی کۆمەڵگەیەکی بێ چین دەکێشێت، پاش نابودبوونی سەرمایەداری، دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دەبێتە سەرەتایەک بۆ کۆمەڵگەیەکی بێ چین و ململانێ، کاتێکیش دەوڵەت دەگۆڕێت بۆ نوێنەری ڕاستەقینەی کۆمەڵگە، ئیدی بوونی پێویست نابێت(لین، ١٣٩٥، لا ١٣٦٠-١٣٦١). لە سیستمی خوازراوی مارکسدا هەمیشە یەک دروشم دەخرێتەڕوو((هەرکەس بە ئەندازەی توانا و هەر کەس بە ئەندازەی پێویستیش))(احمد و سارا، ١٣٨٦، لا ١٠٨). بەمجۆرە تیۆری مارکسیزم سەبارەت بە دادپەروەری خۆی لە دادپەروەری دابەشکردن دەبینێتەوە و گەیشتن بە کۆمەڵگەی کۆمۆنیزم و نابودبوونی سیستمی سەرمایەداری و دەوڵەت، بە تەنها ڕێگە و ئامراز دەناسێنێت.

لەلای خۆیەوەجۆن ڕۆڵز کار لەسەر بنیاتنانی جێگەیەک(ژینگەی) بنەڕەتی دەکاتەوە، کە پەیمانە کۆمەڵایەتییە بنەرەتیەکە تێیدا لە نێوان کەسانی عەقڵانی و ئازاددا لە ناو ئەو جێگەیەدا دروستدەبێت و لەپێناوی گەیشتن بە پرەنسپەکانی دادپەروەریدا دەبێت(دارا، ٢٠٠٣، لا ١٨). لە کتێبی (تیۆرییەک دەربارەی دادپەروەری) دوو بنەما بۆ دادپەورەری لەبەرچاودەگرێت، یەکەم: هەمووکەس مافی سوود وەرگرتنی هەیە لە سیستمی ئازادییە بنەڕەتییە یەکسانەکان، سیستمێک، کە سازگارە لەگەڵ سیستمێکی ئازادنەی هاوجۆر بۆکەسانی دی. دووەم: نایەکسانییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان پێویستە بەجۆرێک ڕیکبخرێن، کە هەم (الف) چاوەڕێی ئەوەی لێبکات، کە لە سوودی هەمووان تەواو دەبێت، هەم (ب)یش لەبەرچاوبگرێت بۆ ئەو پێگە و پلانەی، کە بەڕووی هەمووواندا کراوەیە(ڕۆڵز، ١٣٩٦، لا٩٣).

بەوردبوونەوە لەوەی خرایەڕوو، دیدگا و ڕوانگە هزریی و فەلسەفییەکان جیاواز و فرە ڕەهەندن. هەر یەک لەڕوانگەی تێگەیشتن و تەفسیری لە مرۆڤ و کۆمەڵگە و سیستمی هەبوون، دادپەروەری ڕوون و شیدەکاتەوە. ئەمەش پێویستیی هەبوونی ڕوانگە و دیدگایەکی دی لە دەرەوەی ئەم چوارچێوە هزرییانە پێویست دەکات.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## تەوەرەی سێیەم: ئیسلام و دادپەروەری:

پێش خستنەڕوو و شیکردنەوەی بۆچوون و ڕوانگەی ئیسلام سەبارەت بە دادپەرورەی، گرنگە ئاماژە بەوە بکرێت، کە هەر یەک لەو چەمکانەی، کە چالاکییە مرۆییەکان وەصف و شیدەکەنەوە، دەکرێت لە فەرهەنگنامەکاندا چەندین وشەی بۆ بدۆزرێتەوە، ئەم وشانە بەتەواوی هاوواتای یەکدی نیین و هەر یەکیکیان بارێکی واتایی جیاوازی هەیە، بۆ نموونە بۆ وشەی (خودا) نەوەد و نۆ وشە هەیە، کە بە (اسماء الحسنى- ناوە جوانەکان) ناودەبرێن و هەر یەک لەم ناوانە نیشاندەری یەکێک لە سیفاتەکانی خوداوەندن. بۆ هەر لایەن و بوارێکی دادپەروەریش چەندین وشە هەیە، کە بەکارهێنراوترینیان بریتیە لە وشەی داد (مجيد،١٣٩٤، لا٢٦-٢٧). لەڕووی زمانەوانییەوە داد وشەیەکی داماڵراوە و بەواتای ڕاستی، دروستی، دادگەری،هاوسەنگی و هاوتا دێت. هەروەها واتای دیکەش لەخۆدەگرێت وەک میانەڕەوی، یەکسانی، بەرامبەری و ... (محمد،١٣٩٧، لا ١٨). بەم پێیەش، وشەی داد لەبەرامبەر زوڵم دەوەستێت، واتە دادگەری لە ماف و جیاکردنەوەی ڕاستی لە پوچی و ئەنجامدانی کاری نێوەندیی لەنێوان توندوتیژی و شلگیریدا(صادق، ١٣٧٩، لا ١٥٨).

لەڕاستیدا ناوەڕۆک و واتای پڕ بەها و بە بایەخی دادپەروەری، بووەتە هۆی ئەوەی، کە هەمیشە بەشێک بێت لە گرنگترین بابەتی ئایینە ئاسانییەکان و مرۆڤ و بیرمەندە سیاسییەکان. لە دیدی ئیسلامیشدا دەتوانرێت جێبەجێکردنی دادپەروەری وەک گەورەترین ئامانج لە دروستکردنی حکومەتی ئیسلامی دابنرێت. ناردنی پەیامبەران و ڕوونکردنەوەی ئایینەکان لەپێناو بەختەوەکردنی مرۆڤەکان بەهۆی پەیرەوکردنی دادپەروەری بووە لە ژیانیاندا(محمد،١٣٩٧، لا ٤٦). لەگەڵ ئەوەی وشەی دادپەروەری و هاوواتاکانی ٢٨ جار لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێکراوە(صادق، ١٣٧٩، لا ١٥٨)، بەها و گەورەیی دادپەروەریی لە قورئانی پیرۆزدا بە ڕادەیەکە، کە بەشێوەی بنەمایەکی بونیادیی نەگۆڕ خراوەتەڕوو، و خوداوەند فەرمانی پێدەکات و واجبی دەکات: (إن الله يأمر بالعدل... نحل ٩٠). لەم چوارچێوەیەشدا یادی کۆمەڵگەی موسڵمانان دەخات، کە خراپی و دوژمنی دژەکانتان نابێت ئێوە لەڕێگەی دادپەروەری دووربخاتەوە، تەنانەت لەگەڵ دوژمنەکانیشتان بە دادپەروەرانە ڕەفتار بکەن: (وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى- المائدة ٨) (حق پناه، ١٣٨٠، لا ١٠). ((الَّذِي خَلَقَكَ فَسَوَّاكَ فَعَدَلَكَ- الإنفطار ٧) کەواتە دادستیزی هەمان فیترەت و سروشت ستیزیە و ئەمەش ئارەزووی مرۆڤ بۆ دادپەروەری ئاڕاستە دەکات(احمد و سارا، ١٣٨٦ لا١١٩).

پاش کۆچی پەیامبەر؛ (محمد-درودی خودای لەسەر بێت) بۆ مەدینە و پێکهێنانی دەوڵەتی ئیسلام، بنەمای بونیادیی لەم پێکهاتنە و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا، داد و دادگەری بوو. بۆیە لەدیدی قورئاندا پەیڕەوکردنی دادپەروەری ئامانج و مەبەستی ناردنی پەیامبەرانە: (قَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ... الحديد ٢٥) (سيد محمد، ١٣٨٥، لا ٧١).

لەلایەکی دی، هزری دادپەروەری لە قورئاندا لەسەر بنەمای دان و ستان ڕاوەستاوە، واتە مامەڵە، بەش، ڕێژە:(کێشانە-تەرازوو)، کە نیشانەیە بۆ کامڵبوونی کڕین و فرۆشتن و ئامرازی ئەندازەگیری سوود و جێگیربوون و بڕیاری کڕیار و فرۆشیار. بەوجۆرەی، کە کێشانە کێشی کاڵا لەسەر بنەمای بەهاکەی هەڵدەسەنگێنێت و کێشی دەکات و بەشی هەر یەکێکیان دیاری دەکات تا کڕیار و فرۆشیار زیان نەکەن، دادپەروەریش وەک کێشانەیەکە لە هەردوو لایەوە، هاوسەنگ هەموو شتەکان هەڵدەسەنگێنێت و بارودۆخیان ڕادەگرێت و بەشی شایستەی هەر کەس دەدات. هەڵبەت نەک تەنها لە مامەڵەی ڕۆژانە بەڵکو لە کاورباری دینی و ئەخلاقیشدا دادپەروەرەی هاوشێوەی کێشانە دەردەکەویت، لایەکی کێشانە بۆ کار و نییەتەکان و لایەکەی دی بۆ پاداش، هەردووکیان هەڵدەسەنگێندرێن، دادپەروەری لە ڕاست و دروستی ئەم هەڵسەنگاندنەدایە تا بەهیچ جۆرێک مافەکان پێشێل نەکرێن. پێچەوانەی داداپەروەریش دەبێتە زوڵم، واتە لەبەرچاونەگرتنی دادگەری، ویژدان، ڕێژە و بە کورتی تێکدانی بەشی شایستەی هەر کەسێکە(م.کوهیار، ١٣٧٤، لا ١٢٤-١٢٥).

**لێرەوە دەکرێت چەند پێناسەیەک سەبارەت بە چەمکی دادپەروەری لە ئیسلامدا بخرێتەڕوو:**

**-دادپەروەری:** بریتیە لە ڕێزگرتن لە مافی کەسانی دی، پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی، ناسینی مافە سروشتییەکان و ئەو گرێبەستەی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا هەیە، وەک: دابەشکردنی کار، زیادکردنی خزمەتگوزارییەکان و دابینکردنی پێداویستییەکانی کۆمەڵگە، کە تاکەکانی لەپێناو مانەوە و ئاسانکاری و گەیشتن بە بەختەوەری، مافی ئەوەیان هەیە خاوەنی بن.

-دادپەروەری: واتە ناسینی هێز و پێگەی هەر کەسێک و شیاو مامەڵەکردن لەگەڵیدا. هەر کۆمەڵگەیەک بتوانێت زەمینەیەکی یارمەتیدەر لەپێناو هاتنەئارای ژینگەیەکی ئاشتیانە برەخسێنێت ، کە خەڵک تێیدا بگاتە ئامانجە مرۆییەکان و پێداویستییەکانی ژیان و ئاسایش و تەندروستی بۆ فەراهەم بکرێت، دادپەروەری مانای ڕاستەقینەی خۆی دۆزیوەتەوە(صادق، ١٣٨٥، لا ٨-٩).

لەڕاستیدا، فراوانی دیدی ئیسلام سەبارەت بە ژیان و گشتگیربوونی بەها و ئەرزشەکانی لە هەموو بوارەکاندا، هێزی دروستکردنی هاوسەنگی و مامناوەندی لە کۆمەڵگە و هێنانەدی دادپەروەری زیاتر کردووە(سید قطب،١٣٧٩، لا ٤٣-٤٤). بنەما لەسەر ئەوانەی خرانەڕوو، دەکرێت گشتگیرترین و سەرەکیترین پێناسە بۆ دادپەرورەی، کە هەموو بەشەکانی لەڕووی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و سیاسی لەخۆبگرێت و لە ئەمڕۆدا لەچوارچێوەی هزری ئیسلامیدا بەکاردەهێنرێت بریتی بێت لە (دانانی هەرشتێک لە شوێنی ڕاستەقینەی خۆی)، (بەخشینی ماف بە خاوەن مافی ڕاستەقینە). لەڕاستیدا هەردوو پێناسەکە یەکێکن، بە واتایەکی تر ئەم دوو پێناسەیە لەگەڵ ئەو جیاوازییەی لە دارشتن و گوتاردا هەیانە، بەڵام لە واتا و ناوەڕۆکدا بە تەواوی هاوبەش و لێکچوون، چونکە شوێنگەی ڕاستەقینەی هەر شتێک یەکسانە بە هەمان مافی ئەو شتە. هەروەک چۆن مافی ڕاستەقینەی هەر شتێکیش هاوتایە لەگەل شوێنگە و پێگەی ئەو شتەدا(جمشیدی و ئەوانی تر، ١٣٩٦، لا ١٠٩).

بەم جۆرە، لە ئیسلامدا دادپەروەری بەمانای بەخشینی ماف و داواکارییە لۆجیکییەکانی هەر کەسێکە بەپێی شایستەیی، توانا، پێویستبوونی واقعی و سروشتی و کۆمەڵایەتی، و گرنگترین دیاریی پەیامبەرانە بۆ کۆمەڵگەی مرۆیی و وەک ئامرازێک بۆ هێنانەدی گەشەپێدانی فرەڕەهەند سەیردەکرێت. پێوەری هەڵسەنگاندن و ڕەوایەتی حکومەت و سیستمە سیاسییەکانیش ڕێژەی دادپەروەرییە و هەر حکومەتێکیش دادپەروەر نەبێت لەڕووی ناوەڕۆکەوە ڕەوا و قبوڵکراو نییە. جەختی قورئانیش وەک کتێبێکی پیرۆز لەسەر بابەتی دادپەروەری لەو سۆنگەیەوەیە، کە بە هاتنەدی دادپەروەری زەمینەی ڕزگاربوون و کەماڵی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا فەراهەم دەکات.(محمد، ١٣٩٧، لا ٥٠-٥١). بەسەرنجدان لە دیدی ئیسلام بۆ دادپەروەری، ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە دادپەروەری پێش هەر شتێک دادپەروەری مرۆڤە بەگشتی و هەموو سمبولەکانی ژیان و چالاکییەکانی لەخۆدەگرێت. بەوجۆرەشی، کە میتۆد و ویژدان و هەست و تێگەیشتنی دەروونی دەگرێتەخۆ، ئەوا ئەو بەهایانەشی کە لەخۆی دەگرێت تەنها کۆمەڵە بەهایەکی مادی نیین، بەڵکو ئاوێتەیەکن لە بەها مەعنەوی و ڕۆحی و مادديەکان(سیروس، ١٣٨٣، لا ١٢٢). لەسەر ئەو بنەمایە، دادپەروەری یەکێکە لە سیفاتەکانی خوداوەند و فەرمانی پێدەکات لەسەر بەندەکانی، ئەنجامی ئەمەش دوو ڕەهەند لەخۆدەگرێت: مەعنەوی و موتەعالی (دینی)،مادی و کۆمەڵایەتی (دنیایی). ڕەهەندە دینییەکەی پاراستنی (ڕێژە) پێگەی بەندەیە لە پەیوەندی لەگەڵ خودا (پەرستش)، ڕەهەندی دنیایی پاراستنی (ڕێژە)ی دروستیی و ڕاستییە لەپەیوەندی لەگەڵ ئەوانی دی (مامەڵە). لە هەردوو حاڵەتەکەدا دادپەروەری لە شەریعەت و بەکرداریکردنی، پێویستییەکی دادپەروەری شەرعییە(م.کوهیار، ١٣٧٤، لا ١٣١).

لەپێناو دەرک و تێگەیشتن لە دیدی پەیامبەر (درودی خودای لەسەر بێت) چوار فەرمووده شیدەکەینەوە. دادپەرورەی لەم چوار فەرمودەدا بە فراوانترین بەشی سیستمی هەبوون دەستپێدەکات و بە تێپەڕینی بە چوار قۆناغدا، لە ووردترین بەشی سیستمی هەبووندا کۆتایی دێت. قۆناغی یەکەم بریتیە لە تەواوی بوون و ئاسمان و زەوی، وەک دەفەرمووێت بەهۆی دادپەروەرییەوەیە، کە ئاسمان و زەوی ڕاوەستاون، واتە دادپەروەری دەبێتە ئەو بنەما گرنگەی، کە سوڕانەوەی ڕێکخراوی زەوی بەڕێوەدەبات. قۆناغی دووەم تایبەتە بە کۆمەڵگەی مرۆیی. بەو واتایەی دادپەروەری ئەندازە و پێوانەی خوادوەندە لە کۆمەڵگەی مرۆییدا، و هەمووان دەبێت بەو پێوەرە خۆیان هەڵبسەنگێنن، بەختەوەریش ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەم پێوەرەیە. قۆناغی سێیەم کەمێک ووردترە و دادپەرورەی دەبەستێتەوە بە تێگەیشتن و مەعریفەتی مرۆڤەوە. ئەم فەرموودیە چوار لق لەخۆدەگرێت: یەکەم، قوڵبوونەوە لە تێگەیشتن. دووەم، گەیشتن بە ئاستێکی باڵا لە زانین سێیەم، دادپەروەری بنەمای

شەریعەتە(محمد، ١٣٩٧، لا٤٧- ٤٨). چوارەم، ئارامی و دانبەخۆداگرتن. ئەم چوار لقە پەیوەندییەکی لۆژیکی بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە ودەشبێتە هۆی ئەنجامێکی تایبەت. پاش هاتنەدی ئەم چوار لقە، دوو ئەنجام دێنەدی، یەکێک پەیوەستە بە شێوازی دادپەروەریی، دووەم پەیوەستە بە ئامانجی دادپەروەری. ئەنجامی پەیوەست بە شێوازی دادپەروەری بریتیە لە ڕەتکردنەوەی زیادەرەوی و توندوتیژی. ئەنجامی پەیوەست بە ئامانجی دادپەروەریش ئاسایش و بەختەوەرییە لە ژیاندا. لە قۆناغی چوارەمدا، پێناسە و واتای دادپەروەری ووردتر و گرنگترە. لێرەدا دادپەروەری ئەو ئەرکە جێبەجێدەکات، کە ئامانج لە دروستکردنی مرۆڤیش هەمان شتە. بەو واتایەی، کە لە قۆناغی یەکەمدا لەوە تێبگەین، کە لە سیسمی هەبووندا داپەروەری بنەچەیە و بەبێ دادپەروەری ئەم سیستمە ناتوانێت بەردەوام بێت. قۆناغی دووەم تێگەیشتننە لەم بنەچەیە، و لەسەر فەرمانی خوداوەند، دادپەروەری لە کۆمەڵگەدا دێتەبوون. قۆناغی سێیەم پەیوەستە بە دەرک و مەعریفەتی دادپەروەری و لە کاروباری تاک و فەردییەتدا بەکاردێت یا ئەگەر لە کۆمەڵگەدا فەراهەم نەبوو لانی کەم لە ژیانی تاکدا بێتەدی. قۆناغی چوارەم ئەم دادپەروەرییە لە کۆتاییدا ببێتە بەختەوەری و ڕزگاربوونی مرۆڤ لە دونیا و دوارۆژدا. فەرموودەی پەیامبەر لە ناساندنی دادپەروەری لە قۆناغی چوارەمدا بریتیە لەوەی، کە لەو شتانەی، کە مرۆڤ بەهۆیەوە ڕزگار دەبێت داپەروەرییە. واتە مرۆڤ چ لە حاڵەتی ڕەزامەندی و خۆشحاڵی لە کۆمەڵگە و بارودۆخەکەی، و چ لە حاڵەتی ناڕەزامەندی و بێزاریی، لەگەڵ ئەوەشی داپەروەربوون بە سوود یان زیانی خۆی و نزیکەکانی و هزر و باوەڕیشی بێت، پێویستە دادپەرور بێت، بەمجۆرە دادپەروەری ئەو ڕزگار دەکات، ئەم ڕزگاربوونەش هەموو شتێک دەگرێتەوە، وەک ڕزگاربوون لە: نەزانی، زوڵم، نەبوونی ئاسایش، توندوتیژی و هەژاری و ... لە دونیا و ڕزگاربوون لە ئاگر و سزای خوداوەند لە دوارۆژدا(هەمان، ١٣٩٧، لا ٤٨-٤٩).

بەسەرنجدانی گشتی لە دید و تێڕوانینی ئاینی ئیسلام بۆ چەمکی دادپەروەری، دەکرێت بگەینە ئەو خاڵە گرنگەی، کە ئەم چەمکە لە تەنها بوار و ڕەهەندێکی ژیاندا قەتیس نابێت و سەروتر لەوە، تەواوی لایەن و ڕەهەندەکانی ژیانی تاک و کۆمەڵگە لەبەرچاو دەگرێت و هیچ یەکێکیان لەپێناو ئەوانی دی فەرامۆش ناکات. پێناسەی گشتی دادپەروەریش گەواهی ئەو ڕاستیەیە، کە پێدانی مافی ڕاستەقینە بە خاوەن مافی ڕاستەقینە، کە تەواوی کایە و بوارەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کەلتووری و ... دەگرێتەوە، ئەمەش سەرەڕای بوونی خاڵی هاوبەش لەگەڵ بیرمەندانی یۆنانی کۆن، لە هەمانکاتدا وەک هێڵێکی جیاکەرەوەیە لەگەڵ هەردوو دیدی مارکیسیزم و لیبرالیزم سەبارەت بە دادپەروەری، بەو پێیەی دادپەروەری بەگشتی (سەرەڕای بوونی جیاوازیی ڕێژەیی لە هەردوو دیدگاکەدا) لە دیدی مارکسیزمدا یەکسانی ڕەها و لە دیدی لیبرالیزمدا هەلی یەکسان دەگرێتەوە. جگە لەمەش فراوانی ئەم چەمکە لە ئیسلامدا سنوری ژیانی دونیا تێدەپەڕێنێت و پەیوەندییەکی ڕاستەخۆی هەیە بە ڕزگاربوون و بەختەوەری لە ژیانی دوارۆژیشدا.

## باسی دووەم: دیدی ئیبن خەلدون سەبارەت بە ڕیشە و چییەتی کۆمەڵگە، دەوڵەت، مرۆڤ و دادپەروەری:

گرنگترین پرس و بابەتێک لە ناسینی هزری ئیبن خەلدون بۆ دادپەروەری، خستنەڕووی بۆچوونەکانیەتی سەبارەت بە ڕیشە و ڕێڕەو و گۆڕانکاریەکانی دروستبوونی کۆمەڵگە و دەوڵەت، و لە هەمانکاتدا پەیوەندییان بە چەمکی مرۆڤناسی ئیبن خەلدونەوە، چونکە سروشت و چییەتی دادپەروەری پەیوەندییەکی ڕاستەخۆی هەیە لەگەڵ دیدی ناوبراو بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگە و دەبێتە پێش مەرجێک بۆ تێگەیشتن لە دید و بۆچوونەکانی ناوبراو سەبارەت بە چییەتی دادپەروەری .

### تەوەرەی یەکەم: دەمارگیری و ئاوەدانی وەک ڕیشەی جۆرناسی کۆمەڵگە و دەوڵەت:

ئیبن خەلدون سوود لە چوارچێوەیەکی شیکاریی تایبەت وەردەگرێت و سەروتر لە دیدگای ئۆرگانیکی سەیری کۆمەڵگە دەکات، بەمەش دەچێتە قۆناغی دروستکردنی چوارچێوەیەکی نوێی شیکارییەوە. لەگەڵ ئەوەی هەندێک کات بۆ خستنەڕووی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی باشتر و ڕوونتر، کۆمەڵگە وەک جەستەی مرۆڤ وێنا دەکات، بەڵام هیچ کات سەرچاوەی شیکارییەکانی نابەستێتەوە بە دیدگای ئۆرگانیکی و

ئەندام وارەگی، بەڵکو لە لێکۆڵینەوەی لە گۆڕان و گەشەی کۆمەڵگەدا سوود لە گۆڕاوەکانی وەک ئابووری، سیستمی کۆمەڵایەتی، دەوڵەت و سیستمی سیاسی، کەلتور و دین، وەردەگرێت(تقی، ١٣٧٦، لا ١٣٦). لەدیدی ئیبن خەلدوندا کۆمەڵگە دیاردەیەکی واقعیە و پێویستە لێکۆڵینەوە بکرێت لە دروست بوون و ناکۆکییەکانی نێوانیان و شێوازی ژیانیان. هەروەها کۆمەڵگە بەشێوەی یەکەیەکی سیاسی دەبینێت، کە لەسەربنەمای جوگرافیایی و هۆکاری ئابووری وەستاوە(پرویز،١٣٩٠، لا ٤١).

بنەڕەتی دیدی ئیبن خەلدون سەبارەت کۆمەڵگە و دەوڵەت ، پشت بەستە بەو بوارە زانستییە نوێیەی، کە هێنایەکایە و پێیدەووترێت (زانستی فەرهەنگ و شارستانی یان زانسستی ئاوەدانی و عومران) (پیتر اس و الیور، ١٣٩٨، لا ٢٢). ئاوەدانی و عومران گوزراشتە لە واقعیەتە کۆمەڵایەتییە- سروشتییەکان، کە دیاردە گشتی و تایبەتەکان، شارستانی، زانست، ململانێ، هونەر و پیشەکان تێیدا دەردەکەون و لەناودەچن، دەوڵەت دێتەبوون و نابود دەبێت(ناصر، ١٣٦٦، لا ١٥٦). بەبڕوای ئەو، دانشمەندانی ڕابردوو لە تێگەیشتنی دروستی مێژوو بێ توانا بوون، ئەمەش بەهۆی کەمی واقعگەرایی و بێتوانایی لە تێگەیشتنی ئەو یاسا گشتی و گشتگیرانەی، کە کۆمەڵگە بەرەو پێش دەبات(پیتر اس و الیور، ١٣٩٨، لا ٢٢). بۆیە لە خستنەڕووی تیۆرە کۆمەڵایەتییەکەیدا مەبەستیەتی جۆرناسی کۆمەڵگە تاوتوێ و شیکار بکات. لەم چوارچێوەیەشدا لەگەڵ باس کردنی جۆرێکی تایبەت، هاوکات جیاوازییەکانی نێوان دوو جۆریش دەخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. ئیبن خەلدون دوو جۆر لە ژیان (دەشتەکی و شارنشین) لەپێناو ڕوونکردنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی وەک( کەمترین خۆشگوزەرانی لە ژیانی دەشتەکی و زۆرترین پێویستی لە شاردا) دەخاتەڕوو. لەڕاستیدا پرسیاری سەرەکی ئیبن خەلدون چۆنیەتی دروستبوونی کۆمەڵگە و گۆڕانکارییەکانی ئایندەیەتی. بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەش لەسەر بنەمای تیۆری دەمارگیری (عەصەبییەت) کۆمەڵایەتی(هۆز، خوێن، دین) شێوازی گۆڕان لە ژیانی دەشتەکییەوە بۆ شارنشینی دەخاتەڕوو(تقی، ١٣٧٦، لا ١٥٣). پێش باسکردن لە جۆرەکانی کۆمەڵگە گرنگە ئاماژە بکرێت، کە دەمارگیری وەک چەمک، زادە و داهێنانی خودی ئیبن خەلدون نەبووە، بەڵکو بەکارهێنانی ئەم چەمکە لە زمانی عەرەبیدا ڕەواجی هەبووە، بە تایبەت لە دوای هاتنی ئیسلام، کە واتای ململانێ، دورکەووتنەوە لە خود، پشتبەستن بە نەسەبی لەخۆدەگرت و لەبەرامبەر دیندا دەوەستا، کە ئەمەی دواییان جەختی دەکردە سەر یەکبوون، برایەتی، کۆبوونەوە( محمد، ١٤٠٠، لا ٢٥٤). بەڵام ئیبن خەلدون لە دەستەبەندی کۆمەڵگەدا واتایەکی دی بەم چەمکە دەبەخشێت. بەوپێەی جۆری یەکەمی کۆمەڵگە لەسەربنەمای هاوکاری لەنێوان یەکتریدا لەبواری ژیان و گوزەران وەستاوە، هەڵبەت سادەبوون و هەوڵ و کۆشش و چالاکی ئەم جۆرە کۆمەڵگە سەرەتاییانە و لە قۆناغی بەر لە شارنشینی جۆرێکە لە خۆ ئامادەکردن بۆ گەیشتن بە قۆناغی شارستانێتی تەواو، بۆیە کۆمەڵێک سەرقاڵی گشتوکاڵ و باغدارین و دەستەیەکیش بە بەخێوکردنی مەڕومالآت و هەنگەوە خەریکن(عبدالرحمن، ٢٠١٦، لا ٣٣٩). سادەدڵی، فەزیلەتی خودی، باوەڕبەخۆبوون، سەربەخۆیی، دلێری و پێکەوەیی کۆمەڵایەتی، لە تایبەتمەندییەکانی دەمارگیری و عەصەبیەتن لە دیدی ئیبن خەلدوندا، بەڵام بەهۆی گواستنەوە لە شێوازی ژیانی دەشتەکی و بیابان نشینییەوە بۆ شار وەک جۆری دووەمی کۆمەڵگە، هەموو ئەم تایبەتمەندییانە بەرەو ئاوابوون دەچن. هەوڵی فرانخوازیی هێز لەلایەن فەرمانڕەواکان، فراوانبوونی دەزگای کارگێڕی، کە بەشی زۆری پێکهاتەکەی بێگانە شکستخواردووەکانن و لە ئەنجامدا گەندەڵ دەبن و پاراستنی هێز و دەسەڵاتی ئەخلاقی دژوار دەبێت و هێزیان کەم دەبێتەوە، خەرجییەکان زیاد دەبن و باج زیاد دەبێت و بەرهەمهێنان لاواز دەبێت و داهاتی دەوڵەت کەم دەبێتەوە. هەموو ئەم گۆڕانکارییانە دەبێتەهۆی پوکانەوەی پێکەوەبوونی کۆمەڵایەتی(پیتر اس و الیور، ١٣٩٨، لا ٢٢). بەواتەیەکی دی، ململانێ لەپێناو بەرژوندی کەسیی ڕۆڵێکی بەرجەستەی هەبوو لە خراپبوونی دەمارگیریدا و کاتێک منی عەصەبیەتیی زاڵ بوو بەسەر منی کەسی و فەردیدا و ئەوکاتەشی، کە دەمارگیری دەیتوانی پایەکانی دەوڵەت بەهێز بکات چووە ناو جیهانێکی دی، جیهانێک پڕ لە ململانێ لەپێناو بەدەستهێنانی سەروەت و سامان، لێرەوە دەمارگیریلێکهەڵدەوەشێتەوە و دووچاری پچڕان دەبێت. پشتبەست بەوانەی خرانەڕوو، دەمارگیری خاوەنی گرنگی و بایەخێکی زۆرە لە هزر و ئەندێشەی ئیبن خەلدوندا، تا ڕادەی ئەوەی دەڵێت هێزی دەوڵەت وابەستەیە بە دەمارگیرییەکەی و هەرچەندە هۆز و دەستەکانی دەزگای فەمارەوایی دەوڵەت زۆرتر بێت، بە هەمان ڕێژە دەوڵەت بەهێز دەبێت(امیر، ١٣٦٦، لا ٩٣). نەمانی دەمارگیریش یەکسانە بە لاوازی و نەمانی دەوڵەت.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## تەوەرەی دووەم: واقیعگەرایی مرۆڤناسی ئیبن خەلدون:

لەڕاستیدا هەوڵی ئیبن خەلدون بەو ئاراستەیە، کە تەواوی ئەو ڕووداو و دیاردانەی، کە دۆزیویەتەوە، بیەبستێتەوە بە تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی مرۆڤ و ویست و ئارەزووەکانی. باوەڕیشیوایە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، سروشتی، مێژووی، فەرهەنگی، سیاسی و ئابوورییە(احمد، لا ٤٥). هەروەها باوەڕیوایە بەهۆی بوونی تایبەتمەندیگەلێکی وەک: هزرین، کە بەرهەمەکەی زانست و هونەرە، پێویستی بە کۆمەڵگە، هەوڵ و کار، پێویستیی بە فەرمانڕەوایی و حکومەت) لە تەواوی بوونەوەرەکانی دی جیادەکرێتەوە(تقی، ١٣٧٦، لا ١٢٩-١٣٠).

بەگەڕانە بۆ ئیبن خەلدون، دەبینین باسەکانی سەبارەت بە کۆمەڵگەی مرۆیی بە قبوڵکردنی دو بنەمای سەرەکی کۆتایی دێت:

١-مرۆڤ مەدەنی سروشتە: لەسەر ئەو بنەمایەش، جگە لە کۆمەڵگە چارەیەکی دیکەی لەبەردەم نییە، کۆمەڵگەش لەدایکبووی دوو پێویستییە، پێویستیی بە خواردن- کە تاک بە تەنها توانای دابینکردنی نییە، ئەمە ناودەنیت هۆکاری ئابووری. هەروەها پێویستی بە بەرگری لە خودە- کە هێزی تاک کەمترە لە هێزی ئاژەڵانی دڕندە و بەتەنهایی ناتوانێت بەرگری لەخۆی بکات، ئەمەش ناودەنێت هۆکاری بەرگری. لەم ڕووەوە، پێویستیان بە کۆمەک و هاورکاری زیاد هەیە. کۆمەڵگەش لەدایکدەبێت، گەشەدەکات، لەناودەچێت، و لە تەواوی ئەم بارودۆخانەدا گوێڕایەڵانی یاسا جێگیرەکان هەن، کە زیاد لە هەر شتێکی دی لەژێرکاریگەری ژینگەی سروشتی و شوێنی نیشتەجێ بوون و شێوەی بەدەستهێنانی بژێوی و بەرهەمهێنانی دیاردە ئابووریەکانن، هەموو ئەمانەش لە دیاردە سیاسییەکان، کە سروشتییەن دوچاری گۆڕان دەبن، جێگیرترن(حنا و خلیل،١٣٩٩، لا ٧٢٥). بەڵام ئیبن خەلدون ڕۆڵی هزر و ئەندێشە لە کۆبوونەوەی مرۆڤەکاندا پشگوێ ناخات، بۆیە پێیوایە کۆبوونەوە لە کۆمەڵگەدا تەنها بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستی سەرەتایی یاخود غەریزەی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای تێرامنیشە، بەوجۆرەی، کە مرۆڤ دەربارەی پیداویستییەکانی و شێوازی بەدەستهێنانی بەشێوەیەکی شایستە بیردەکاتەوە و ئەم بیرکردنەوەیەش لە تەواوی قۆناغەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا خۆی دەردەخات(ناصف، ١٣٦٦، لا ١٥٧). بە واتایەکی دی، تیۆری مەعریفەتناسی ئیبن خەلدون جەخت دەکاتە سەر هزر وەک یەکێک لە تایبەتمەندییە بێ هاوتاکانی مرۆڤ لەلایەن خوادوەندەوە، بە هۆکار بۆ پەی بردنی مرۆڤ بە نەفسی سەربەخۆی خۆی دەزانیت، پەی بردنیش لە هزردا بۆ دوو بەش دابەش دەکات، یەکێک، بەشی جەستەیی، دووەم بەشی ڕۆحی. مەعریفەتی مرۆڤ لەرێگەی بەشی جەستەیی، کە بورهانە عەقڵییەکانیش بەشێکن تێیدا، دروست دەبێت، لێرەوە مرۆڤ بەهۆی پەیبردنی جەستەییەوە لەگەڵ واقیعەتی دەرەوەدا ڕووبەڕوودەبێتەوە، ئەوکات لە هزردا بەشێوەی گشتی دەردەکەون(ناصرالدین و تقی، ١٣٧٩، لا ٢٣٧).

٢-لەبەرئەوەی کۆمەڵگە دروست بوو، و ئاوەدانی هاتەدی، مرۆڤ پێویستی بە یاساکەیە، کە بەرگریان لێبکات. بەوپێەی ئیبن خەلدون پێیوایە مرۆڤ زوڵم و دوژمنی لە سروشتی خۆیدا هەڵگرتووە، ئەوا پێویستی بە حکومەت هەیە(حنا و خلیل،١٣٩٩، لا ٧٢٥-٧٢٧). هەڵبەت دیدگای ئیبن خەلدون سەبارەت بە مرۆڤ دیدگایەکی بەدبینانە نییە ، بەڵکو تیۆرە مرۆڤناسیەکەی لەسەر دوو ڕەهەند سەبارەت بە مرۆڤ ڕاوەستاوە، هەروەک دەڵێت خوداوەند لە سروشتی مرۆڤدا باشی و خراپی پێکەوە داناوە. لەسەر بنەمای ئەم تیۆرییە، لەڕوویەکەوە کاتێک کۆمەڵگەی بەرایی پێکهات و مرۆڤەکان پێویستییە سەرەتاییەکانی خۆیان فەراهەم کرد ،و هەروەها بەهۆی ئەوەی لە سروشتی ئاژەڵیی مرۆڤدا ستەمگەری و دەستدرێژی بوونیان هەیە، ئەوا هەر یەکێک لەڕێگەی دەستدرێژیی بۆ ئەوانی دی دەیەوێت پێویستییەکانی خۆی فەراهەم بکات، ئەنجامی ئەمەش بریتیە لە جەنگی نێوان مرۆڤەکان و هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگە و نابودی نەفسی مرۆڤ. لەلایەکی دیکە، سیستمی کۆمەڵایەتی، ڕێکخراوەیی کۆمەڵایەتی و سیاسەت بەگشتی بۆ مرۆڤ بابەتگەلێکی سروشتین، ئەمەش لەبەرئەوەی مرۆڤ بە سروشتی خۆی و هێزی تێگەیشتنی، بە تایبەتمەندییە باشەکان نزیکترە و سیاسەمەداری و وڵات بەڕێوەبردن دوو نموونەن لە تایبەتمەندییە باشەکان، کە تایبەتن بە مرۆڤ(غلامرضا، ١٣٨٣، لا ١٤١-١٤٢).

لەڕاستیدا نیەت و خواستێک، کە لە قوڵایی هزری ئیبن خەلدوندا شاراوەیە، ڕەهەندی مرۆڤناسیە. ئەو تەنها بە وەصفی ئەزموونی ڕووداو و کۆی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی- مێژوویی بەسەندە ناکات، بەڵکو بەو ئاڕستەیە هەوڵدەدات، کە وەصفی خۆی لەگەڵ سیفاتە بەرجەستەکانی

پەیوەست بە سروشتی مرۆڤ و ژیانی کۆمەڵایەتی گریبدات. بابەتێکیش کە هزری ئیبن خەلدون خوازیاریەتی مرۆڤە وەک بوونەوەرێکی سروشتی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی. لەدیدی ئەودا، لەسەر بنەمای دینی دروست؛ تەنها (زانایان و پیاوچاکان) دەتوانن لە ئاستی یەکەمی عەقڵ زیاتر هەنگاوبنێن، جگە لەم گرووپە ئەوەی مرۆڤەکان لەیەکدی جیادەکاتەوە توانای هزری و تایبەتمەندییە ئەخلاقیەکانیانە ((مرۆڤەکان هاوشێوەی یەکترن، لەپێشتری و دەستکەوتی یەکێکیان لەسەر ئەوانی دی پەیوەستە بە هەڵسوکەوتی باش و بەدەستهێنانی فەزایل و دوورکەوتنەوە لە ڕەزایلەکان)). ڕۆحی مرۆڤیش لەسەر بنەمای بارودۆخی گشتی و تایبەت، کە دەتوانێت تێیدا توانا بەهێزەکانی (بالقوە) بکاتە کردار، شێوەیان بگۆڕێن. بۆیە جەخت دەکاتە سەر ئەوەی، کە ڕەفتارە دەروونی-ئەخلاقییەکانی مرۆڤ تارادەیکی زۆر شوێنکەوتەی شێوازی ژیانی ئەو کۆمەڵگەیە، کە تێیدا دەژی، بە تایبەت خەسڵەتەکانی پەیوەست بە سروشتی ئاژەڵی، هەڵسوکەوت، نەریت و هێزی تێگەیشتن لەگەڵ بارودۆخی ژیانی سیستمی کۆمەڵایەتیدا، دەگۆڕێن. ((ناصف، ١٣٦٦، لا ٢٠١-٢٠٥). هەڵبەت گرنگە ئەوەش بووترێت، کە ئیبن خەلدون بە زیادکردنی ئەو بابەتەی، کە (هزر کۆتایی کارە)، دەیەوێت ئاماژە بە کاریگەری کردار و چالاکی لەسەر هزر، تەفسیر و نیەت بکات، کار لەسەر ئەوە دەکات مرۆڤ لەگەڵ کۆمەڵگەدا، کە کۆمەڵەیەکە لە چالاکی ڕێکخراو لە ناو دامەزراوە و گرووپەکاندا، پەیوەندییەکی دیالکتیکی و بەرامبەر لەنێوانیان دروست بکات(تقی، ١٣٧٦، لا ١١٢). کۆی بیری ئیبن خەلدون پەیوەست بە سروشتی مرۆڤ، نیشاندەری ئەو ڕاستیەیە، کە سەرباری مەدەنی بوونی، ناچارە بە کۆمەڵایەتی بوون، و بۆ ئەو مەبەستەش پێویستی بە یاسا و حکومەتێک هەیە تاکو ڕێ لە سروشتی خۆویستی و ستەمکارانەی بگرێت، ئەمەش پێویستی بەڕوونکردنەوەی شێوازی بەڕێوەبردنی ئەم کۆمەڵگە مرۆییە هەیە، و دیدی ئیبن خەلدون سەبارەت بەم پرسەش جوڵانە بە ئاڕاستەی ڕێکخستنی هەموو بوارەکانی ژیان لەسەر بنەمای دادپەرورەی. بێگومان ئەوەشی هۆکارە لە دروستبوونی ڕێکخراوەیی، یاسای دروست و حکومەتی دروست دادپەرورەییە بە واتا ئیسلامی و خەلدونییەکەی.

## تەوەرەی سێیەم: دیدی ئیبن خەلدون سەبارەت بە سروشت و چییەتی دادپەروەری:

پێش خستنەڕووی دیدی ئیبن خەلدون سەبارەت بە سروشت و چییەتی ددادپەروەری، گرنگترین باس و بابەتێک، کە پێویستە تیشکی بخرێتەسەر و ڕوونبکرێتەوە، ئەو پرسەیە، کە بە سەرنجدانێکی گشتی لە بۆچوونەکانی ناوبراو، ئەگەری ئەوە لە ئارادایە تێگەیشتنمان بەجۆرێک بێت، کە دیدی ئیبن خەلدون دەربارەی دادپەروەری، سەرچاوەگرتووە لە خوێندنەوە و ئەزموونی کەسیی سەبارەت بە هێزە کاریگەرەکانی کۆمەڵگە و بەبێ ڕەچاوکردنی سوننەتەکانی ئاینی ئیسلامە، لەبەرئەمەش دیدگای توێژەران جیاوازە لەبارەی ئەوەی ئایا لێکۆڵینەوەی ئیبن خەلدون سەبارەت بە کۆمەڵگە ڕوانگەیەکی پشتبەستوو بە دینە یاخود بە پێچەوانەوە. ئەو کەسانەی، کە لەژێر کاریگەری میتۆدی هەڵهێنجانی ئیبن خەلدون بوون، کە تێیدا چەمکی دەمارگیری( شێوازێک لە پێکەوەیی و هاوبەستەیی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای خوێن و خانەوادە) بەکاردەهێنێت، وەک کەسێک تەماشایان دەکرد، کە بۆچوونەکانی لەمەڕ دادپەروەری پشتبەستوو بە دین نییە. لەبەرامبەردا کەسانێکی دی جەختیان دەکردە سەر ئەوەی، کە ئیبن خەلدون لەچوارچێوەی سوننەتی فقە و فەلسەفەی ئیسلامیدا گەشەی کردووە، بۆیە ئەو تیۆرییانەی، کە سەبارەت بە کۆمەڵگە خستوویەتیەڕوو، لە بنەماوە لەناو دەروونی سوننەتی ئیسلامیدا دروستبوون(مجید، ١٣٩٤، لا ٢٦١). بەمجۆرە و بەسەرنجدان لە پێشەکیەکەی ئیبن خەلدون، دەکرێت دوو ڕوانگە سەبارەت بە چەمکی دادپەروەری لەیەکدی جیابکرێتەوە. لەڕوویەکەوە ئیبن خەلدون لە بەردەوامیدان بە هزری سیاسی کۆن و بە شوێنکەوتنی نووسەرانی پێش خۆی، هەوڵی خستنەڕووی چەمکی دادپەروەری دەدات، لەڕوویەکی دیکەوە، بە دامەزراندنی زانستی ئاوەدانی و شارستانی، دەیەوێت لەناو دەروونی ئەم زانستەدا چەمکێکی نوێ بۆ دادپەروەری بخاتەڕوو، کە دەکرێت وەک تیۆرییەکی نوێ تەماشا بکرێت(جواد، ١٣٧٤، لا ١٦٠). لەگەڵ ئەوەی دیدی ئیبن خەلدون سەبارەت بە دین و دەمارگیری بریتیە لەوەی، کە هەمیشە هاوئاهەنگ نین، و پێیوایە لە وڵاتانی ئیسلامیدا یەکێتی نێوان دین و عەصەبیەت لە دوای خەلافەتی ڕاشیدین بە کۆتا گەیشتووە. بەڵام گرنگە ئەوە بخرێتەڕوو، کە لەدیدی ئەودا دادپەروەری یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی هەر تیۆرییەکی کۆمەڵایەتی پەیوەست بە کۆمەڵگە. ئەو پشتبەستوو بە ئەزموونەکانی بە تایبەت ئەزموونی یەکەمی لە باکوری ڕۆژئاوای


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ئەفریقا، تێگەیشت کە شەریعەت گرنگی پێنادرێت، و باوەڕیهێنا، کە وڵاتانی ئیسلامی بەبێ بوونی ئەخلاق بە تەواوی لەنێوچوون، مەگەر ئەوەی دووبارە نوێسازی و چاکسازی تێدابکرێت. بۆیە پێیوایە ئەرکی خۆی بریتیە لە پێشگرتن بە لەناوچوون و هەڵوەشاندنەوەی ئەخلاق لەڕێگەی جێبەجێکردنی وورد و تەواوی شەریعەت(مجید، ١٣٩١لا٢٦٦-٢٦٩). سەرباری ئەمانە دەکرێت بەووردبوونەوە و شیکارکردنی کۆی بۆچوونە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی ناوبراو سەبارەت بە سروشت و چییەتی دادپەروەری، ڕەهەندی دینی لە هزری ئەودا بسەلمێنرێت، بۆ ئەم مەبەستەش ئیبن خەلدون مانا و دابەشکارییەکی وورد بۆ ئەم چەمکە دەکات و دەکرێت لە چەند خاڵێکدا بخرێنەڕوو، کە پشتبەستووە بە ئاوێتەکردنی دیدی خۆی بۆ کۆمەڵگە و مرۆڤ لەگەڵ شەریعەتدا :

١-دادپەروەری بە واتای میانەڕەوی و هاوسەنگی و مامناوەندی: بە بۆچوونی ئیبن خەلدون هەردوو لایەنی زیادەڕۆوی و کەمڕەوی، لە هەموو سیفاتەکانی مرۆڤدا ناپەسەندە، و سیفاتی پەسەند میانەڕەوییە. لە داهێنانەکانی ئیبن خەلدون ئەوەیە، کە پێیوایە هاوسەنگی ژینگە کاریگەری دەکاتە سەر میانەڕەوی ڕەفتاری مرۆڤ. (غلامرضا و شکوه، ١٣٩٥، لا ٩٥). لە هزری ئەودا کەسانێک، کە لە ناوچە ناوەندیی و هاوسەنگەکاندا دەژین لەڕووی جەستە، ڕەنگ، ئەخلاق و دینەوە ڕاستر و جێگیرترن. ئەمانە لە تەواوی ژیانیاندا لەڕووی شوێنی نیشتەجێبوون، خۆراک، پۆشاک و پیشەسازییەوە ئەوپەڕی میانەڕەوی و هاوسەنگی لەبەرچاودەگرن و لە بەلارێداچوون دوورن. بەڵام دانیشتووانی ئەو هەرێم و ناوچانەی، کە لە هاوسەنگی و میانەڕەوی دوورن، دوچاری لادان دەبن(بهرام، ١٣٧٩، لا ١٠٠-١٠١). بەوجۆرەی، کە بەشی ئاوەدانی ناوچەکانی گۆی زەوی، لە ناوەڕاستیدایە، چونکە توندی گەرما لە باشور و توندی سەرماش لە باکور ڕێگرە لەبەردەم ئاوەدانیدا و لەبەرئەوەی هەردوولای باکور و باشور لەڕوانگەی گەرما و سەرماوە پێچەوانەی یەکترن، پێویستە لەم دوو چۆنیەتیە بەشێوەیەکی قۆناغ بە قۆناغ کەم ببێتەوە بۆ ئەوەی لە ناوەندی زەویدا کەش و هەوای مام ناوەند دروست ببێت. بۆیە پاش دابەشکاریی هەرێمەکان لەسەر بنەمای جوگرافیایی بۆ حەوت هەرێم، ئەو هەرێمانەی لە ناوەندەوە نزیکن بە گونجاو دەزانێت، کە بریتین لە هەرێمەکانی سێیەم، چوارەم، پێنجەم. بەڵگەی بۆچوونەکانیشی بریتیە لە دەرکەوتنی بەشی زۆری پەیامبەران لەو هەرێمانەدا (عبدالرحمن،٢٠١٦، لا ٢٦٥). هەڵبەت چەند گۆڕاوێک بۆ هەڵبژاردنی هەرێمەکان لەبەرچاودەگرێت: یەکەم، دۆخی ئاو و هەوا، واتە لەحاڵەتی مامناوەندیی ئاو و هەوادا بۆ ژیان گونجاوە. دووەم، زەوی گونجاو بۆ کشتوکاڵ. سێیەم، بوونی دانیشتووان بەڕێژەی گونجاو(تقی، ١٣٧٦، لا ٣٦). لەڕاستیدا بنەمای ئەم دیدگایە دەگەڕێتەوە بۆ تیۆری جوگرافیایی ناوبراو، بەجۆرێک پێیوایە هۆکارە سروشتی و هەرێمییەکانی وەک ئاوهەوا و خواردن ڕەفتاری جۆراوجۆر لە مرۆڤدا بە دیار دەخەن. هاوکات بڕ و جۆری خۆراکیش بە هەمان جۆر کاریگەری دەکاتە سەر روحیەی تاک و کۆمەڵگە، کەم خۆری باشتر لە زۆرخۆرییە و سەلامەتی روح و دەروون و ڕەفتاری کۆمەڵیی بەدوای خۆیدا دەهێنێت. لە ئەنجامیشدا بە هاتنەدی ڕەهەندەکانی وەک هەرێم، ئاووهەوای مامناوەند، خۆراکی گونجا، مرۆڤ و کۆمەڵگەی مامناوەند و میانەڕەو دروست دەبێت(هەمان،١٣٧٦، لا ١٣٢-١٣٥). پشتبەست بەو بنەمایە، یەکێک لە واتاکانی دادپەروەرەی لە هزری ئیبن خەلدوندا ئاوێتەیە بە میانەرەوی و هاوسەنگی، هەر شتێکی پێچەوانەی ئەمە مرۆڤ لە گەیشتن بە دۆخ و ژینگەیەکی دادپەروەرانە بێبەش دەکات، بۆیە دادپەروەری وەک هاوسەنگی و میانەڕەوی بۆچوونێکی جێگیر و سەرەکییە لە دیدی ناوبراودا.

٢-دادپەروەری بەوجۆرەی لە باسەکانی پەیوەست بە کۆمەڵگەی مرۆیی و سروشتی مەدەنی ژیانی مرۆڤەکاندا دەیخاتە ڕوو، ئەو ڕاستیە نیشان دەدات، کە ژیانی کۆمەڵایەتی پێویستیی بە کۆمەڵێک پێداویستی و کار و پیشەی جۆراوجۆرە، لە هەر یەک لەم پیشانەدا پێویست بە کۆمەڵێک ئامراز و پیشەسازی زۆر و جۆراوجۆرە و مەحاڵە کەسێک بۆ ئەنجامدانی هەموو یاخود بەشێک لەم کارانە بەس بێت، بۆیە ناچارە لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوجۆرەکانیدا پێکەوە کۆببنەوە تا لە سایەی هاوکاریدا ڕێژەیەکی زۆری پێداویستییەکانی یەکدی فەراهەم بکەن. لەڕاستیدا بنەمای ئەم دیدگایەی ئیبن خەلدون ڕاوەستاوەتە سەر ئەو باوەڕەی، کە هاوکاری مرۆڤەکان پشتبەستووە بە جیاوازیی لە توانا و شایستەیی، هاوکاریش کاتێک دەگاتە ئەنجامێکی پەسەند، کە ئەندامانی کۆمەڵگە هاوشێوەی ئەندامانی جەستە لە شوێنی تایبەتی خۆیاندا ئەرکە تایبەتەکانیان ئەنجام بدەن(بهرام،١٣٧٩، لا ١٠١-١٠٢). بەم شێوەیە ، پێگە و نفوز لەنێوان خەڵکدا دەوەستێتە سەر پلەبەندی

چینەکان و هەر چینێک خاوەنی هێز و پێگەیەکە. چینی سەرەوە پەیوەستە بە پادشاکان و چینی خوارەوەش کەسانێکن، کە سوود و زیانیان نییە. لە نێو ئەم دوو چینەشدا کۆمەڵێک چینی جۆراوجۆری دیکەش هەن. بە باوەڕی ئیبن خەلدون لەپێناو ڕەچاوکردنی دادپەروەری لە کۆمەڵگەدا پێویستە فەرمانڕەوایەک هەبێت تا تاکەکان ستەم و ئازار بەیەکدی نەگەیەنن. شەڕ و خراپە یەکێکە لە تایبەتمەندییە نزیکەکانی مرۆڤ، چونکە خوازراوترین شتێکە بۆ گەیشتن بە بەرژوەندیی داواکراو، و زوڵم و دوژمنی یەکێکە لە ئەخلاقەکانی مرۆڤ. بۆیە بوونی فەمانڕەوایەک، کە ڕێگر بێت لەم سیفاتە خراپە، بە پێویست دەزانێت. بنەما لەسەر ئەوەی خرایەڕوو، تیۆری دادپەروەی ئیبن خەلدون پەیوەستە بە بابەتی نایەکسانییەوە، بوونی نایەکسانی بە پێوست دەزانێت و هاتنەدی دادپەورەیش بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو واقعیەتە بەدوور دەزانێت(غلامرضا و شکوە،١٣٩٥، لا ٩٢-٩٣). هەڵبەت مەبەست لە نایەکسانی لە هزری ئیبن خەلدوندا هەمان واتا لەخۆدەگرێت، کە لە ئیسلامدا ئامازەی پێکراوە و پەیوەستە بە پرسی دادپەروەرییەوە، واتا ماف و ئەرک دەبێت لەسەر بنەمای شایستەیی و توانا واقعییەکان بێت.

٣-دادپەروەری واتا دابینکردنی بەرژوەندی گشتی: شیکردنەوەی ئیبن خەلدون سەبارەت بە دادپەروەری ڕوونکەرەوەی دیدگا فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکانییەتی و پەیوەستە بە بەختەوەری دوارۆژ و بەرژوەندی دنیاییانەوە. ئاسایش و ئاوەدانی وڵات و کۆمەڵگە وەک مەرجێکی بنەڕەتی ئەم دووانە، بەندە بە داد و دادپەروەری و دروستی کاری پادشا و دەربارەکانی. لەڕاستیدا شیکردنەوەی ئابووری-سیاسی چەمکی دادپەروەری لە ناو تیۆری ئیبن خەلدوندا، لەڕێگەی زانستی ئاوەدانی و شارستانییەوە دێتەدی، واتە ئاوەدانی دەبێتە ماددەوێنەی دەوڵەت، کە گرنگی بە بواری ئابووری-کۆمەڵایەتی دەدات و ئاوەدانی ئەنجامی پێویستیی مرۆڤە بە کۆمەڵگە و هاوکاریی لە ژیاندا، لە ئەنجامی دابەشکردنی کاریش، بەشێک لە هێزەکانی کاری مرۆڤ لە بەرهەمهێناندا بەکاردەهێنرێت، (بهرام،١٣٧٩، لا ١٠٤،) بۆیە لە هزری ئیبن خەلدوندا دادپەروەری بەواتای فەراهەمکردنی بەرژوەندی گشتی و بە سەرەکیترن بنەمای ئاوەدانی و ئاسایش دادەنرێت. (غلامرضا و شکوە،١٣٩٥، لا ٩٦). بۆچوونیشیوایە فەرمانڕەوەکان لە کۆمەڵگە بەراییەکاندا، پێ بە پێی خەڵکە لاسایکەرەوەکە هەنگاو هەڵدێنن، بۆیە ئەستەمە فەرمانڕەوایەکی ستەمکاری بەدجنس بدۆزرێتەوە(عەلی،٢٠٢١، لا ١٤٧). لەم نێوەندەدا بیری ئیبن خەلدون سەبارەت بە ڕۆڵی دەوڵەت و فەرمانڕەوا پەیوەستە بە پاراستن و هێشتنەوەی ئەو خۆشگوزەرانی و ئاوەدانی و جوانخوازییانەی، کە هۆزەکان دەبنە خاوەنی و بەتێپەڕبوونی کات و لە ئەنجامی تێکەڵ بوون و بەشداریی لە دەوڵەتدا، وردە وردە شێوازی ڕەسەنی ژیان و داب و نەریتەکانیان لەبیر دەکەن و دلێری و دەمارگیری خێڵەکیان نامێنێت و زەبون و بێدەسەلات دەبن، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ پەروەردەکردنی بیری پاشایەتی و فەرمانڕەوایی تێیاندا و هەوڵی فراوانخوازی دەدەن(عبدالرحمن، ٢٠١٦ لا ٣٨٧-٣٨٨). چونکە سادەیی جێگەی خۆی بۆ جوانکاری چۆڵ دەکات، خەرجییەکان زیاد دەبن و دەوڵەت باجی زۆر وەردەگرێت و لەبری دادپەورەی لەوەرگرتنی باجدا، دەست بۆ ستەم دەبات. ئەنجامی ئەمەش ئارەزوو بۆ ئاوەدانی لەناودەچێت و بژێوی خەڵک دوچاری وەستان دەبێت. دەوڵەت وەک وێنەی کۆمەڵگە دەخاتە پێش چاو، باوەڕیشیوایە کاتێک ماددەی دەوڵەت، کە مەبەست لێی ئەوەیە کۆمەڵگە لاواز ببێت، دەوڵەتیش دوچاری لاوازی و تیاچوون دەبێت. (غلامرضا و شکوە، ١٣٩٥، لا ٩٦-٩٧). لێرەدا ئیبن خەلدون ئامانج و سروشتی دادپەرورەی دەبەستێتەوە بە بەکارهێنان و لەبرەچاوگرتنی لەلایەن دەسەڵاتداران و خاوەن بڕیارەکان، بە واتایەکی دی، دادپەرورەی لەم دیدگایەدا لەگەڵ ئەوەی لە خودی خۆیدا ئامانجە. بەڵام دواجار دەبێتە ئامرازێک بۆ هێشتنەوەی هاوسەنگی و بەختەوەری کۆمەڵگە.

لەلایەکی دی و لەسەر بنەمای ئەوانەی خرانەڕوو، بە بۆچوونی ئیبن خەلدون، تەواوترینی دادپەروەری لەڕێگەی جێبەجێکردنی سیاسەتی شەرعی دەتوانرێت بێتەدی، ئەمەش تەنها لە سەرەتای حکومەتی شەرعی و لە ماوەیەکی کورتدا هاتەدی، واتە ئەوکاتەی، کە ئاوەدانی و شارستانییەت هێشتا تەواو و دەوڵەمەند و خۆشگوزەران نەبوو بوو، لەکاتێکدا لە قۆناغە پێشکەوتووەکانی ئاوەدانیدا، زۆربەی یاساکانی فەرامانڕەواکان، لە زۆربەی کاتەکاندا، پشتبەستوو بە زوڵم و ستەم بوو، چونکە دادپەورەری لە سەردەمی خەلافەتدا بوونی هەبوو، کە ئەمیش ماوەیەکی کەمی خایاند(جواد، ١٣٧٤، لا ٢٦٢)، بەمانایەکی دی، ئیبن خەلدون جیاوازی لەنێوان دوو جۆ لە سیاسەت و یاسادا دەکات، بەجۆرێک ئەگەر یاساکان لەلایەن عەقڵمەندان و گەورەکانی دەوڵەت و یاسادارێژەکانییەوە دابنرێن و جێبەجێبکرێن، پێیاندەووترێت


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

سیاسەتی عەقڵی، بەڵام ئەگەر لەلایەن خوداوەند و لەڕێگەی پەیامبەرێکەوە واجب و دابنرێت، پێیدەووترێت سیاسەتی دینی، کە دەووترێت هەم بۆ دونیا و هەم بۆ دوارۆژ بەسوودە، چونکە ئامانج لە دروستکردنی مرۆڤ تەنها بۆ ژیانی دنیا نییە کە سەرتاسەری بریتە لە بێهوودەی و ئامانج لێی مەرگ و نەبوونیە، خوادوەند دەفەرمووێت (أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثًا... المؤمنون ١١٥)، کەواتە ئامانج دینەکەشیانە، کە دەیانگەیەنێتە بەختەوەری دوارۆژ. ئیبن خەلدون ڕێچکەی سەرکەوتنی سیاسەتی دینی گرێدەدات بە دابینکردنی بەرژوەندیی دنیایی و دوارۆژی خەڵک، چونکە باوەڕیوایە یاسادانەر ئاگایی سەبارەت بە هەردوو بەرژوەندییەکە هەیە، بەمشێویەش شەرع لە تەشریع و یاساداندا هەردوو بەرژوەندییەکە لەبەرچاودەگرێت، لەکاتێکدا، کە سوودی سیاسەتی دنیایی تەنها فەراهەمکردنی بەرژوەندی دنیاییە. (نصرالله،١٣٨٠، لا ١٥٤-١٥٥). دەکرێت دابەشکاریی ئیبن خەلدون بۆ جۆرەکانی دەوڵەت لەسەر بنەمای ڕێژەی دادپەروەرییان، وێنەیەکی ڕوونترمان سەبارەت بەم خاڵە بۆ دەستەبەربکات. جۆری یەکەمی دەوڵەت لەدیدی ئەودا بریتیە لەو دەوڵەتەی، کە سیستمە سیاسییەکەی لە وەحی خوداوە سەرچاوەی گرتووە و ڕێژەی دادپەروەرییان لە دین و شەریعەتدا هاتووە. جۆری دووم، ئەو دەوڵەتانە دەووترێت، کە سیستمە سیاسییەکەیان پشتبەستوو بە کۆمەڵە یاسایەکە، کە مرۆڤ دایڕشتووە. لەم دەوڵەتانەدا ڕێژە و ئەندازەی دادپەروەری پشتبەستووە بە کۆمەڵە بەهایەک، کە سروشتێکی نادینیان هەیە و یاخود لەسەر بنەمای میتۆد و بنەمای عەقڵانی و دابونەریتن، لەبەرئەوەشی ئەم بەهایانە لەدین و شەریعەتەوە سەرچاوەیان نەگرتووە، ئەوا ئەو ڕێژە و ئەندازەیەی، کە بۆ دادپەروەری دیاریی دەکەن، کەم و کورتە و ناتەواوە، چونکە تەنها خودا و پەیامبەر دەتوانن پێوەرێکی بێ کەم و کورتی و نموونەیی بۆ دادپەرورەیی دیاری بکەن. بۆیە پێیوایە ئەم جۆرە لە دادپەرورەی وابەستەیە بە حوکمڕان. جۆری سێیەم، ئەو دەوڵەتانەن، کە سیستمە سیاسییەکانیان ئاوێتەیەکە لە یاسا دینی و نادینییەکان. ئەم جۆرە لە سیستم لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا لە دوای گۆڕانی لە شێوازی خەلافەتەوە بۆ شێوازی پادشایی، بووە حکومەتێکی باو. لە بنەمادا فەرمانڕەواکان لەڕێگەی شەریعەت و دینەوە سنوردار دەکرێن، بەڵام لە واقعدا بەدوای بەرژوەندیی کەسیی خۆیاندا هەنگاو هەڵدەگرن، کە لەلایەن دابونەریتی کۆمەڵایەتی، پێویستییە ئاسایشییەکانی دەوڵەت و داواکاری دەربارەکانەوە دیاریی دەکرێن. لە ئەنجامدا ئەم جۆرە لە دادپەروەری نە نموونەیین و نە عەقڵانی، بەڵکو شێوەیەکن لە دادپەروەری، کە بنەما و کردارگەلێک لەخۆدەگرن، کە لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا بوونەتە باو(مجید، ١٣٩٤، لا ٢٦٧-٢٦٨).

کۆی دیدی ئیبن خەلدون لەم باسەدا دەکرێت لەو خاڵەدا پوختە بکرێت، کە هەر بەوجۆرەی بوونی فەرمانڕەوا ڕێگرە لە پێشێلکردنی دادپەورەری و دروستبوونی شێواوی و نارێکی کۆمەڵگە و ڕاستکردنەوەی لادانە سروتشیەکانی تاک لە قۆناغی سەرەتا و ژیانی دەشتەکیدا، بە هەمان شێوە خودی فەرمانڕەواش مەرجدار دەکات بەوەی، کە تەنها پیادەکردنی سیاسەتی شەرعی دەتوانێت گرەنتی بەرجەستە بوونی دادپەروەری بکات، هاوکات جۆر و شێوازەکانی دیکەی دەوڵەت و یاسا لە بەدیهێنانی دادپەروەری بە مانای ڕاستەقینە، بە بێ توانا دادەنێت.

**ئەنجام:**

-مرۆڤناسی وەک بنچینە و بونیادی تێگەیشتن لە تیۆرییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان گرنگیەکی زۆری هەیە، لەم نێوەدەشدا ئاینی پیرۆزی ئیسلام بە دیدێکی ڕوون و ئاشکرا مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی خاوەن کەرامەت و ڕێزلێگیراو پێناسە دەکات، سەرفرازی و ڕزگاربوونیشی دەبەستێتەوە بە دادپەروەربوونییەوە.

-دیدگاکان سەبارەت بە چییەتی و سروشتی دادپەروەری جیاواز و فرەجۆرن، ئەمەش تەنها تایبەت نییە بە ئایین و قوتابخانەیەکی تایبەت، بەڵکو بایەخ و بەهای دادپەروەری هۆکارە بۆ ئەوەی هەر یەک لەمانە لە دنیابینی خۆیەوەئەم بابەتە و گرنگییەکەی بخاتەڕوو.

-دادپەرورەی لە ئیسلامدا پێش هەموو شتێک لەسەر بنەمای هاوسەنگییەکی قوڵ و مانادار ڕاوەستاوە، و جەختە لەسەر بەخشینی مافی ڕاستەقینە بە خاوەن مافی ڕاستەقینە، ئەمەش پەیوەستە بە تەواوی بوار و کایەکانی ژیان، ئەنجامی ئەمەش ڕزگاربوونی دینی و دنیایی و دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی هاوسەنگ و خۆشگوزەرانە. بۆیە دیدی ئیسلام سەبارەت بەم پرسە جەختە لە شایستەیی و تواناکان لەپێناو هێنانەدی و بوون و بەردەوامی دادپەرورەی.

-لە هزری ئیبن خەلدوندا سەرباری ئەوەی دروستبوونی کۆمەڵگە بەرهەمی بوونی پێداویستیە هاوبەشەکانی مرۆڤە، دەمارگیری، کە هۆکارە بۆ گۆڕینی شێوازی ژیانی دەشتەکی ڕووەو شارنشینی و سروشت و بارودۆخی ئەمەی دواییشیان ململانێی هێز و فراوانخوازی دەهێنێتە ئارا و تایبەتمەندییە خوازراوەکانی قۆناغی دەشتەکی ڕادەماڵێت.

-واقعیەتی مرۆڤ لەخۆگری مەدەنییەت و ئارەزووی پێکەوەژیانە لەپێناو فەراهەمکردنی پێداویستییە سەرەکییەکان. هاوکات مرۆڤ پشتبەست بەو تونا هزرییانەی، کە لە بوونیدا هێنراوەتە بوون، خاوەن هەڵبژاردنە لە ئەنجامدانی کردەوەکانیدا، بۆ ئە مەش ژینگە و شێوازی ژیانکردنی کاریگەری بەرچاوی دەبێت لەسەری.

دیدی ئیبن خەلدون سەبارەت بەدادپەرورەی وەک درێژەپێدەری ڕوانگەی ئیسلام، سەرەڕای جەختکردن لە گرنگی و پێویستی دادپەروەری لەسەر ئاستی کۆمەڵگە و تاک، ڕازی بە بوونی هیچ جۆرە دژیەکییەک سەبارەت بە چییەتی و ناوەڕۆکی دادپەرورەی لە ئیسلامدا نییە، بۆیە دادپەرورەی بە میانەڕەوی و لەبەرچاوگرتنی توانا و شایستەیی و دابینکردنی بەرژوەندی گشتی کۆمەڵگە پێناسە دەکات، لەبەرئەمەشە کۆی بۆچوونەکانی سەبارەت بە دادپەرورەی هەڵگری کرۆکی دیدی ئیسلامی سەبارەت بەم پرسە.

**سەرچاوەکان:**

**کتێب:**

**کوردی:**


ئەبوبەکر عەلی، ٢٠٠٨، ئیسلام و ناسیونالیسم، هەولێر، هەولێر.

-حەمید عینایەت، ٢٠١٠، فەلسەفەی سیاسی خۆرئاوا، و:سیدۆ داود علی، سلێمانی، ڕێنما.

-دارا محمد عەبدولسەلام، ٢٠٠٣، چەمک و گوتاری دادپەروەری، سلێمانی، ڕەنج.

-عبدالرحمن ئیبن خەلدون، ٢٠١٦، موقەدیمەی ئیبن خەلدون، سلێمانی، ڕێنما.

-عەلی وەردی، ٢٠٢١، تیۆریی مەعریفە لای ئیبن خەلدون، سلێمانی، ئەدیبان.

-موسا ابراهیم، ٢٠٠٧، فیکری سیاسی خۆرئاوا- لە مەکیاڤیللیەوە تا مارکس، و: شوان ئەحمەد، سلێمانی، سەردەم.


**-فارسی:**


-اندرو هیود، ١٣٩٥، مفاهیم کلیدی در علوم سیاست، مترجمان: حسن سعید کلاهی، عباس کاردان، تهران، انتشارات علمی و فرهنگی.

-برتراند راسل، ١٣٩٥، تاریخ فلسفەی غرب، ترجمە: نجف دریا بندری، تهران، کتاب پرواز.

-پرویز بابایی، ١٣٩٠، فرهنگ اصطلاحات و مکتبهای سیاسی، تهران، انتشارات نگاه.

-پیتر اس گراف، الیور لیمن، ١٣٩٨، فلسفه اسلامی از الف تا ی، تهران، مولی.

-تقی آزاد ارمکی، ١٣٧٦، جامعه شناسی ابن خلدون، تهران، انتشارات تبیان.

-جان رالز، ١٣٩٦، نظریەای در باب عدالت، ترجمە: مرتضی نوری، تهران، نشر مرکز.

-جواد طباطبایی، ١٣٧٤، ابن خلدون و علوم اجتماعی-وضعیت علوم اجتماعی در تمدن اسلامی،تهران،طرح نو.

-حنافاخوری، خلیل جر، ١٣٩٩، تاریخ فلسفه در جهان اسلام، تهران، انتشارات علمی و فرهنگی.

- سیروس سوزنگر، ١٣٨٣، اندیشەهای سیاسی سید قطب، تهران، مرکز اسناد انقلاب اسلام.

-سید صادق حقیقت،درآمدی بر اندیشەهای سیاسی اسلامی- مجموعه مقالات، محمد رضا حکیمی.

-سید قطب، ١٣٧٩، عدالت اجتماعی در اسلام،ترجمە: محمد علی گرامی، سید هادیخسروشاهی، تهران، کلبه شروق.

-علی شریعتی، انسان و اسلام-مجموعه شش سخنرانی و یک مصاحبه، آبادان، دانشکده فنی نفت آبادان.

-عبدالرحمن عالم، ١٣٨٤، تاریخ فلسفه سیاسی غرب- از آغاز تا پایان سدەهای میانه، تهرا، وزرات امور خارجه، موسسه چاپ و انتشارات.

-لشک کولاکوفسکی، ١٣٨٩، جریان های اصلی در مارکسیسم-برآمدن، گسترش و فروپاشی، ترجمە: عباس میلانی، جلد یکم، تهران، دات.

-لین و . لنکستر، ١٣٩٥، پیشروان اندیشه سیاسی، ترجمە: علی رامین، جلد سوم، تهران، انتشارات علمی و فرهنگی.

-محمد عابد الجابری، ١٤٠٠، اندیشه ابن خلدون-عصبیت و دولت- نمودهای یک نظریه خلدونی در باب تاریخ اسلام، ترجمە: احمد فرادی اهوازی، تهران، انتشارات علمی و فرهنگی.

-مجید خدوری، ١٣٩٤، برداشت مسلمانان از عدالت، ترجمه مصطفی یونسی، صمد ظهیری، قم، دانشگاه مفید .

-م.کوهیار، ١٣٧٤، بررسی عقلانی حق، قانون، عدالت در اسلام، خاوران، پاریس.

- مهاجرنیا، اندیشه سیاسی فارابی، قم، موسسه بوستان.

**گۆڤار و بڵاوکراوەکان:**

**فارسی:**

-احمد جاینوسی، سارا نجف پور، ١٣٨٦، مفهوم عدالت در اسلام و غرب، دو فصلنامه دانش سیاسی، شماره ٥، صفحات ٩٩-١٢٧

-امیر آشفته فراهانی، ١٣٦٦، ابن خلدون، تاریـخ شناسی، فیلسوف اجتماعی و جامعه‌شناس، نشریه جامعه‌شناسی کاربردی، شماره ١، صفحات ٧٧-١٠٢

-رضا حق پناه، ١٣٨٠، عدالت اجتماعی در قرآن، اندیشه حوزه، شماره ٣٠.

-جمشیدی مهر، جهانگیر مسعودی، علیرضا کهنسال، ١٣٩٦، تحلیل ماهیت عدالت در عرصه خالق با تأکید بر ارای ابن سینا، شماره ٥٧، صفحات ١٠٧-١٢٤.

-سید مهدی امامی جمعه، مهدی گنجور، ١٣٩٢، عدالت پژوهی در حکمت متعالیه-بررسی جایگاه ابعاد و لوازم وجودشناختی عدالت از منظر ملاصدرا، پژوهش های هستی شناختی، سال دوم، شماره ٤، صفحات٦٥-٩١.

-سید محمد محمودی گلپایگانی، ١٣٨٥، عدالت اجتماعی در نظام اقتصادی اسلام و لیبرالیسم، پژوهشهای دینی، سال دوم، شماره پنجم، صفحات ٦١-٨٩.

--صادق بختیاری، ١٣٥٨، عدالت و توسعه در اسلام، انقلاب اسلامی، سال دوم، شماره چهارم، صفحات ١٥٣-١٦٩

-صادق گلستانی، ١٣٨٥، جایگاه عدالت اجتماعی در اسلام، مربیان، سال ششم، شماره ٢١، صفحات ٦-٤٠.

-غلامرضا جمشیدیها، ١٣٨٣، پژوهشی درباره نقش و جایگاه انسان در تئوری توسعه اجتماعی ابن خلدون، فصلنامه جمعیت،شماره ٤٧-٤٨، صفحات ١٣٩-١٦٠

-غلامرضا جمشیدیها، شکوه دیباجی فروشانی، ١٣٩٥، مفهوم عدالت از دیدگاه فارابی و ابن خلدون، فصلنامه نظریه‌های اجتماعی متفکران مسلمان، سال پنجم، شماره یک، صفحات ٨١-١٠٤.

-ناصرالدین غراب، تقی آزاد ارمکی، ١٣٧٩، نظریه معرفت شناسی ابن خلدون، فصلنامه علوم اجتماعی دانشگاه علامه، شماره ١١و ١٢، صفحات ٢٣٧-٢٥٥

- ناصف نصار، ١٣٦٦، اندیشه واقع گرای ابن خلدون، ترجمه: یوسف رحیم لو، تهران، مرکز نشر دانشگاهی.

**ماستەرنامە:**

**فارسی:**

-محمد حسین سعید، ١٣٩٧، نقش ساختارهای سیاسی و اجتماعی در توسعه عدالت اجتماعی،دانشکده حقوق و علوم سیاسی،، دانشگاه تهران، تهران، ایران.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360